بۆپێشەوە پێی نایە ساڵی شەشەمەوە...ل6

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی شەشەم ژمارە(118) بەرواری 1-4-2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## مردن لەسەرەی موچەدا، بەڵگەی مەرگی دەسەڵاتە...




لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا چەندین خانەنشین، لەسەرەی وەرگرتنی موچەکانیاندا مردن. خانەنشینان ئەو ئینسانانەن کە هەموو تەمەنی لاوی خۆیان تەرخانی خزمەتکردن بە کۆمەڵگە کردووە، زوربەی ئەو خانەنشینانە کرێکار و کارمەند بوون، واتە بەکردەوە ئەمانە ڕۆڵی سەرەکیان لە چەرخاندنی کۆمەڵگەو بەرهەمهێناندا، گێراوە. کەچی لە جێگای ئەوەی موچەی گونجاویان پێبدرێت کە بەشی ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزان و پێداویستەکانیان بکات، موچەیەکی زۆر کەمیان پێدەدرێت کە بەشی تەنها هەفتەکیان ناکات. ئەو موچە کەمەش کە پێیان دەدرێت، بەجیا لەوەی بەپاساوی جیاجیا لێیان دەبڕدرێت، هاوکاتیش موچەکانیان دوادەخرێت.

بۆ لاپەڕە 2

## پێنجەسەد هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، بە نرخی سەرو ١١٥ دۆلار... بەڵام موچە نییە!



بەپێی دانپیانانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان!!، هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، کە لەوماوانەی دواییدا نرخی هەر بەرمیلێک نزیک بۆتەوە لە ١٢٠ دۆلار... کەچی مووچەی موچەخۆران لە کاتی خۆیدا نادرێت و دوا دەخرێت، خزمەتگوازییەکان لە ئاو و کارەباوە، بۆ کەرتی...

بۆ لاپەڕە 3

### دیمانە سەبارەت بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و هەوڵ بۆ ڕێکخستنی..ل3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* ئۆکرانیا و باوەشێن کردنی جەنگ........................................................ل4
* لەپێناو مرۆڤایەتیدا، با لێبووردەبین.................................................ل4
*مێژووی دەسەڵاتی سیاسی یەکێتی و پارتی لە کوردستان...............ل10
*کۆتایی گلوبالیزم..ئایا جەنگی ڕوسیا بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا..........ل11-12

### دۆسیەی ژمارە" پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق"







### هەریەک لە هاوڕێیان عەلی محەمەد ئەمین، نەهرۆ ئالآیی، هیوا عومەر" بەشداری دۆسیەکەیان کردووە...ل13-14-15

## ڕای ژمارە

## کۆمەڵگەی کوردستان لە ئاستانەی ڕاسانێکی جەماوەرییدا...

### عەبدوڵا مەحمود

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ڕووبەرووە لەگەڵ قەیرانێکی سیاسی و ئابوری و ئیداری چارهەڵنەگر. لەباری سیاسیەوە، تا دێت پێگەی سیاسی لەسەر ئاستی عێراقدا بەرەو لاوازی دەڕوات و لە ئاستی کوردستاندا دەسەڵات و سەڵاحیەتەکانی سنوردار دەکرێت. بڕیاری دادگای فیدرالی بەنایاسایی ناساندی فرۆشی نەوت و غاز، وەکو بڕیارێکی سیاسی لەچوارچێوەی کورتکردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، سەرەتای دەورەیەکی نوێیە کە هێندەی تر



دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کوردی توشی بن بەست، کردووە و بۆرژوازی کوردی ناچار بەوە کردووە تا هەموو هەوڵێک بخاتە گەر بۆ خۆگرێدانەوە بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە. لەناوخۆی کوردستانیشدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لای چینی کریکار و جەماوەری بەشمەینەت هیچ شەرعیەتێکی نییەو جەماوەری کوردستان بڕیاری کۆتاییهێنان بەو دەسەلاتەی داوە.

لە باری ئابورییەوە، توانایی ئابوری دەسەلاتی هەرێم، بە پلەی یەکەم پشتی بەستووە بە دەسەڵاتی ناوەند و فرۆشی نەوت و غاز، لەدەست دەرهێنانی ئەو دۆسیانە و چرکردنەوەی پەیتا پەیتای چاودێری دەسەڵاتی ناوەند بەسەر خاڵە گومرگیەکانی کوردستان، فرۆکەخانەکان،...تاد. ئەزمەی ئابوری چەند بەرابەر قوڵ کردۆتەوە.

لەباری ئیدارییەوە، بۆرژوازی کورد دەرگیرە لەگەڵ دووئیدارەو دوودەسەڵات کە دابەشی سەر دوو زۆن بوون و ریزەکانیان لە ئاستی کوردستان ئاڵۆز و دەروازیەکیش بۆ بەیەک ئیدارەبوونی کوردستان نەک نییە، بەڵکو ئەم ئیدارە کردنە توشی ناکامی شکست بۆتەوەو بەکردەوە دەسەڵات توانایی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگەی لەهەموو ئاستەکاندا لەدەستداوە.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم ئەزمە سیاسی و ئابوریی و ئیدارییە قوڵە، هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەر تا کاریگەری و

بۆ لاپەڕە 2

پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

## درێژەی وتەی ژمارە

لێکەوتەکانی ئەم هەلومەرجە تازەیە و ئەزمەکانی بەسەر شانی چینی کریکارو جەماوەری بێبەشی کوردستاندا بشکێنێتەوە. هێنانە گۆڕی باسی ئەوەی کە "قەوارەی هەرێمی کوردستان" لەژێر هەرەشەدایە، لە بنەرەتدا دان نانە، بە هەرەشەی بەکۆتا گەیشتنی دەسەڵاتی بۆرژازی کورد.

ئەم هەلومەرجە و ئەزمە قوڵە سیاسی و ئابوری و ئیداری و حقوقییە، کاریگەری قوڵی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و چینی کریکار و جەماوەری بێبەش بەتایبەتی، داناوە. بزوتنەوەی نارەزایەتی هەموو چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە.

کرێکاران و کارمەندان بۆ موچەکانیان و بەشێوەی بەردەوام لە نارەزایەتی دەربڕین و کۆبونەوە و مانگرتن و بایکۆتکردندان. کرێکارانی ژینگەپاریز بۆ موچە دواکەتوەکانیان و بۆ زیادکردنی موچەکانیان، لە مەیداندان. مامۆستایانی وانەبێژ، داوای دامەزراندن و بەهەمیشەیی کارەکانیان، دەکەن. خوێندکاران لەپێناو خزمەتگوازرییەکان و باشکردنی بەشەناوخۆیەکان و بۆ داواکاری دەرماڵە، بەبزوتنەوەی نارەزایەتییەوە پەیوەست بوون، شوفێرانی پاس و تەکسیەکان، خەریکی نارەزایەتی دەربڕینن بەدژی نەبوونی سوتەمەنی. خانەنشینان بۆ موچەکانیان لەسەرەی دوورو درێژدان گیان لەدەستدەدەن، بزوتنەوەی ژنان بەدژی شەپۆلی ژن کوشتن و بێدربەستی دەسەڵات و پیاوسالار بوونی ئەو دەسەڵاتە و لێنەپرسینەوە لە بکوژی ژنان، لە مەیداندان، کاسبکارو دوکاندارەکان بەدژی باج و سەرانەی بەردەوام و بێ پاساو، نارازین.... بەکورتی تەواوی چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە نارەزایەتی دەربریندان بەرامبەر بەو هەلومەرجە سەختە ئابورییە و هیرشی بەردەوامی بۆرژوازی بۆسەر ژیان و گوزەرانیان.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لەبەرامبەر بەو بزوتنەوە نارەزایەتییە هەمە لایەن و سەراسەرییە، دەستەوەستانن، تونای وەڵامدانەوەیان بە خواست و داواکارییەکانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی نییە. تەنانەت ئەم دەسەلاتە لەبەرامبەر بە خواستی زۆر سەرەتایی وەکو دابینکردنی ئاو کارەبا، دانی موچە لەکاتی خۆیدا، زامنکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوازی لە بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە و شارەوانی و ... بە بن بەست گەیشتووە و لەپاڵ ئەوانەشدا، گرانی و بێکاری و هەژاری بێداد دەکات.

لەدڵی ئەم هەلومەرجەدا بەشیک لە بۆرژوازی نارازی وەکو ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ و دەیانەوێت لەژێر ناوی "بەرەی ئۆپۆزیسییۆندا" کوببنەوە بە مەبەستی خۆ هەڵواسین بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستانەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئیسلامیەکان" کۆمەڵ و یەکگرتوو" دەمێکە ئەزموونی دەسەڵاتی خۆیان کردووە بەشدار لەو دەسەڵاتە تاڵانچییە بوون و نەوەی نوێش، وەکو کۆمپانیایەک بە روپۆشی سیاسی و حزبییەوە، کە خۆی بەرهەمی ناو گەندەڵستان و تاڵانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، دەیانەوێت بزوتنەوەی نارازایەتی جەماوەری بەلارێدا ببەن و بۆ ئامانجەکانیان خۆیان بە تورەیی و نەفرەتی جەماوەییەوە هەڵبوسن.

ئەوەی تا ئێستا ئەو دەسەڵاتە ملهور و تاڵانچیەی بۆرژوازی کوردی هیشتۆتەوە، و بواری داوە رەوت گەلی وەکو کۆمەڵ و یەکگرتوو و نەوەی نوێ، درۆی بەرگری لەخواستەکانی خەڵک بەدەستەوە بگرن، ڕیکخراونەبوونی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش و توێژە زەحمەتکیشەکانن، پێکنەهێنانی رێکخراوە جەماوەریی سەربەخۆی خۆیانە، لێک هەڵنەپیکرانی بزوتنەوە نارەزایەتییەکانە لەگەڵ یەکتری، کۆنەبوونەوەیە لەدەوری خواستە سەراسەری و هاوبەشەکانیان، پێک نەهێنانی دەستەکانی بەرەو پیشەوەبردنی بزوتنەوەکانیانە.

نارەزایەتییە فراوان و بەرین و هەمەگیرەکانی ئێستای جەماوەری کوردستان، پێویستە بەسەر ئەو لاوازیانەدا زاڵ بێت و هەرچی زووە، رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کریکاری و بزوتنەوە جەماوەرییەکان، دەست ببەن بۆ کاری رێکخراوی ئامانجدارانە و ریکخراوە جەماوەرییەکانی خۆیان پێک بهێنن، دەستەکانی بەرەوپیش بردنی نارەزایەتیەکان ساز بدەن و لەدەوری خواستە سەراسەری و هاوبەشەکانیان وەکو" نان، ئازادی وخزمەتگوازارییەکان" و بۆ موچەو پیداویستییە ژیارییەکان کۆببنەوە.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، توانایی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی بەتەواوی و لە هەموو زەمینەو بوارەکاندا لەدەستداوە، کاتی ئەوە هاتووە رابەران و هەلسوڕاوانی کریکاریی و جەماوەری، نەخشەی وەرێخستنی بزوتنەوەی راستەوخۆی جەماوەری بەدەستەوە بگرن و لەهەر کارگە و ناوەندێکی کار و ئیدارەو و ناوەندە خزمەتگوزارییدا، کە هاوسەنگی هێز بوار دەدات خۆیان بەرێوەبردنی ئەو جێگایانە بەدەستەوە بگرن و چیتر چاوەروانی دەسەڵات نەبن. بەرهەمی کاری کرێکاران لە کارگەکان و لە ناوەندەکانی تری کاردا، زۆر لە پێداویستی دابینکردنی موچەو خزمەتگوزارییەکان زیاترە. ئەوە دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و کۆمپانیاکانیان، دەستیان بەسەریدا گرتووەو تاڵانی دەکەن، پێویستە دەستی دەسەڵات و ئەم کۆمپانیا چاوچنۆکانە بەسەر کارگەو کارخانەو ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێناندا کۆتا بکرێت. بۆ سەرکەوتن لە خەباتێکی ئاودا رۆڵی رابەرانی کرێکاری و جەماوەری و چەپ و کۆمۆنیستەکان، میحوەرییە، ڕێکخرابوون و هاوئاهەنگی و کۆبونەوە لەدەوری خواستە دەست بەجێکانیان، زامنی گۆرانکاری و گورِێنی هاوسەنگی هێزە بەسودی بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری و لاوازکردن و پاشەکشە پێکردن بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد.

با خۆمان بۆ ئەو نەبەردە ئامادەبکەین، کاتی ئەوە هاتووە ئێمە چینی کریکار و جەماوەری بێبەش بە خەباتی ڕێکخراو یەکگرتوانەمان، بەخستنەگەری ئیرادە نواندنی خۆمان، توانای یەکگرتوانەمان بۆ پاشەکشەپێکردن بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەدەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنەوە ئامادە بکەین.

**یەکی ئەپریلی ٢٠٢٢**

## لە بۆپێشەووەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

**دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، توانایی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی بەتەواوی و لە هەموو زەمینەو بوارەکاندا لەدەستداوە، کاتی ئەوە هاتووە رابەران و هەڵسوڕاوانی کریکاریی و جەماوەری، نەخشەی وەرێخستنی بزوتنەوەی راستەوخۆی جەماوەری بەدەستەوە بگرن و لەهەر کارگە و ناوەندێکی کار و ئیدارەو و ناوەندە خزمەتگوزارییدا، کە هاوسەنگی هێز بوار دەدات خۆیان بەڕێوەبردنی ئەو جێگایانە بەدەستەوە بگرن و چیتر چاوەروانی دەسەڵات نەبن ...**

## درێژەی ...مردن لەسەرەی موچەدا، بەڵگەی مەرگی دەسەڵاتە...

لەهەموو ئەوانەش زیاتر، خانەنشینان بۆ موچەکانیان، دەبێ چەندین ڕۆژ لە سەرەی دورودرێژ لە سەرمای زستان و لە گەرمای هاویندا بوەستن... کە ئەمەش بۆ تەمەنی خانەنشینان لەتواناادا نییە. هەر بەهۆی ئەم سەرە دورودرێژە و ماندوبوونیان لە راوەستان و چاوەڕوانیدا، توشی لەهۆش خۆچوون و لەوەش زیاتر گیان لەدەست دەدەن. لەم ماوەیەدا چوار لە موچەخۆران سیانیان لەسلێمانی یەکێکی تر لە سۆران گیانیان لەدەستداوە. گیان لەدەستدان بۆ وەرگرتنی موچەیەکی کەم، نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ سەختی ژیان و پێداویستیەکانیان. ئەم دۆخە کە خانەنشینان تیادا بەسەر دەبەن، پەڵەیەکی یەکجار نەنگە بەناوچەوانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە، ئەو دەسەڵاتەی موچە و خانەنشینی خەیاڵی بۆ وەزیر و گزیرەکان، بۆ ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و دەزگا سەرکوتگەر و جاسوسیەکانی سەرف دەکات، بێ ئەوەی هیچ رۆڵێکیان لە خزمەت کۆمەڵگەدا هەبێت، لەبەرامبەریشدا لەبەرامبەر بەو ئینسانانەی چەندین دەهە کاریان کردووە و بەواقعی ئەوان خاوەنی کۆمەڵگە بوون، موچەیەکی ناچیز و کەم و سواڵکەرانە دەدات، ئەویش بەو شێوازەی کە بۆموچەکانیان و لەسەرەی وەرگرتنیدا گیان لەدەست دەدەن... بەڕاستی مردنی ئەو خانەنشینانە لەسەرەی موچەدا، نیشانەیە بۆ مەرگی دەسەڵات، لەلایەن لاوان و نەوەی نوێوە. مەرگی دەسەڵاتێک کە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی وەڕێکەوتووی جەماوەری، دەبێ بەسەمەر بگات.

## درێژەی...پێنجەسەد هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، بە نرخی سەرو ۱۱۵ دۆلار... بەڵام موچە نییە!

پەروەردەو تەندروستی و شارەوانی... تاد، بەتەواوەتی پشت گوێ خراون. زۆرێک لە ڕێگاو بانەکان ناویان لێنراوە ڕێگای مەرگ. بێکاری و هەژاری و بێمافی بێداد دەکات... خانەنشینان بۆ موچەیەکی کەم لەسەرەی دوورو درێژ و سیستەمی دابەشکردنی موچەی دواکەوتوانەدا، گیان دەبەخشن. بەشێکی زۆری لاوان بەهۆی نەبوونی هەل و کارو سەختی ژیانەوە، ڕێگای هات و نەهاتی رزگار بوون لەدۆزەخی نیشتیمان!! هەڵدەبژێرن و بەرەو ئەوروپا مل دەنێن.

دیارە بەجیا لە فرۆشی نەوت، ۲۰۰ ملیار دیناری بەغدا و داهاتی ناوخۆی دائیرەو فەرمانگەکان تا دەگاتە داهاتی باج لەسەر هاوڵاتیان، کە بەسەدان ڕێگە کۆدەکرێتەوە لەگەڵ داهاتی خاڵەسنوری و گومرگەکان، هێندە زۆرە کە نەک بەشی موچە و زیادکردنی موچە، بەڵکو بەشی پەرەدان بە خزمەتگوزارییەکان... تاد، دەکات. ئەوەی کە وای کردووە موچە نەبێت و دوابکەوێت، خزمەتگوزارییەکان وێران بن... نەبوونی داهات و بودجە نییە، بەڵکو ئەو دزی و تاڵانە ئاشکرایەیە، کە لەلایەن سەرانی پارتی و یەکێتیەوە بەچەندین ڕێگا بەردەوامەو بەشێکی تریشی دەچێت بۆ بەرپرسە حزبی و حکومیەکان، و لیستی خانەنشینانی پلە باڵاکان و بن دیوارەکان، ئەو بندیوارانەی لەشکری حزبن، بۆ دەنگدانی کاتی هەڵبژاردنەکان و بۆ سەرکوتی دەنگە ئازادەکان و نارەزایەتییە جەماوەییەکان.

جەماوەری تورەو بێبەشی کوردستان، پێویستە نارەزایەتییە ڕەواکانیان بۆ موچە و نان و ژیان و خزمەتگوازییەکان، ڕێکخراو بکەن، تواناکانیان لەگەڵ یەکتری تێکەڵ بکەن، خواستە هاوبەشەکان بکەنە مەبنای شەپۆلێکی هاتنە مەیدانی فراوان و سەراسەری، لە راستای راماڵینی ئەم دەسەڵاتە. مانەوەی ئەم دەسەڵاتە تاڵانچییە، بەمانای مانەوەی برسێتی و نەبوونی و هەژاری و بێکاری و دەیان دەردو موسیبەتی ترە.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ فوئاد سادق، یەکێك لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری سەبارەت بە بزوتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ئێستاو هەنگاوە عەمەلیەکان بۆ ڕێکخستن...



**بۆپێشەوە: بەرین بوونەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆتە واقعیەتیکی بەرچاو حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردستان... خاڵە بەهێزو لاوازەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری چییە؟**

**فوئاد سادق:** دەسەڵات هەر ڕۆژەو بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر هێرشی هەمەلایەنە دەکاتە سەر جەماوەری زەحمەتکێش و بەرتەسککردنەوەی ژیان و گوزەرانیان، لە بەرامبەردا بۆ بەرگردن بە هێرشی دەسەڵات، لە زۆربەی هەرە زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا جەماوەر لە کۆڕو کۆمەڵە و دەستەی ناڕەزایەتییەدا خۆیان ڕێکخستووە، یان خەریکی خۆرێکخستنن، ئەمەش خاڵی بە هێزی ئەم بزووتنەوەیە. بەڵام بەهۆی نەبوونی هاوئاهەنگی و نەبوونی پەیوەندی تۆکمەو پتەو لەنێوان ئەم کۆڕو کۆمەڵە و دەستانەدا تەنانەت نەکردنی کاری هاوبەش لە ئاستی شارێک یان شارۆچکەیەک دا، ئەمەش خاڵی بێهێزی ئەم بزووتنەوەییە و هۆکاری سەرەکی یە بۆ یەکدەست نەبوونەوەو سەرانسەری نەبوونەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەریەکان.

**بۆپێشەوە: لە راستای بردنە پیشەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەریدا هەوڵێک هەیە بۆ پێکهێنانی دەستەی نارەزایەتییەکان لە شار و شارۆچکەکان، لە کارگە و ناوەندەکان...تاد، ئامانج لە دروستکردنی دەستەی نارەزایەتی جەماوەری چییە و ئەو دەستانە دەتوانن چ ئاڵوگۆرێک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەریدا پیک بهێنن؟**

**فوئاد سادق:** هەوڵی کۆڕو کۆمەڵەکانە لە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان. سەرەتا دروستکردنی دەستەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لەناو شارەکان، دواتر دروستکردنی پەیوەندی و هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان دەستەکاندا، لەم پرۆسە سەرەتاییەدا بە سەرانسەریی بوونەوەی بزوتنەوەی جەماوەری دەست پێدەکات، ئەمەش هەوڵدانێکە بەمەبەستی گرێدانی خەباتە پەرش و بڵاوەکان بە خەباتی ناوخۆی شارو شارۆچکەکان و خەباتی سەرانسەری و یەکپارچە و یەکگرتوو، وە ڕێکخراوکردنی لە دەوری پلاتفۆرمێکی شۆڕشگێڕانە، کە یەکیک لە بنەما سەرەکییەکانی وەلانانی خەباتی پەرلەمانییە، تەجروبەی سی ساڵی رابردوو نێشانی داوە کە پڕوپاگەندەی چاکسازی و هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی، نەک تەنها هێچ کارایییەکیان نییە، بەڵکوو سەرجەمیان جگە لە خۆڵکردنە چاوی خەڵک و دەستەمۆکردنیان هێچ ئاکامێکی تریان نییە و ڕێگرە لەبەردەم ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی دا.

**بۆپێشەوە: دەستەی نارەزایەتی جەماوەری، لەناو خودی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان و لە هەڵسوڕاوانی خۆیان پێک دێت، یان دەستەیەکە لەدەرەوەی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان و شوێنی کاریان دروست دەکرێت؟**

**فوئاد سادق:** دروست بوونی دەستەی ناڕەزایەتی لە هەردوو مەیدانەکە دەکرێ پێک بهێنرێت، واتە هەم لە ناوەندەکانی کار و هەم لەشوێنی ژیان، بەڵام تا ئەو جێگایەی کاری بۆ کراوە لە لایەن هەڵسوراوانەوە، سەرباری ئەوەی کە هەڵسوڕاوانی شوێنی کاری تێدایە، بەڵام ئەوەی ئێستا کاری بۆ دەکرێت زیاتر کۆبونەوەی هەڵسوڕاوانی شاروشارۆچکەکانی کوردستانە، لە هەر شارێک بە جیاو سەربەخۆ بە ئاگاداری و زۆر جاریش بە بەشداری هەڵسوڕاوانی شارەکانی تر بۆ بەرچاو ڕوشنی و زەمینە خۆشکردن بۆ کاری پێکەوەیی و پەیوەندی بەردەوام و وەک زەمێنە سازی بۆ خەبات و تێکۆشان و ڕێکخراوی سەرانسەری...

**بۆپێشەوە: پیکهێنانی دەستەی نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری لە گرەوی چیدایە؟**

**فوئاد سادق:** مەرجی سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کرێکاری لە گرەوی یەکدەست بوونەوەو سەرانسەری بوونەوەیەتی لە دەور و لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سەرانسەری و پلاتفۆرمێکی شۆڕشگێڕانە، ئەمەش بە یەکگرتوویی سەرجەم کۆڕو کۆمەڵە ودەستەکان و هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتیەکان، یان بەشیکی زۆریان مەیسەر دەبێت، هەوڵێکیش لەم نێوەندەدا دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم ئامانجەدایە.

**بۆپێشەوە: دەستەی نارەزایەتی جەماوەری لە کێ پێکدیت و پەیوەندی ئەو دەستانە بەیەکترییەوە چۆن زامن دەکرێت؟**

**فوئاد سادق:** یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەستەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان بەرپرسیارێتی تاک تاکی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی، پەیوەندی گرتنە لەگەڵ هەڵسوڕاوانی ئەو جێگایانەی کە هەتا ئێستا کۆڕو کۆمەڵەکانیان لە دەوری یەک کۆنەبۆنەتەوە لە دەوری یەک ڕێکخراودا، جا لە ژێر هەر ناوونیشانێکدا بێت کە خۆیان ئازادن لە هەڵبژاردنی دا و سەرئەنجام ئازادن لە دەستەبەرکردنی تاکتیک و دروشم و شێوازی کار ساز بۆ سەرخستنی ناڕەزاییەکانیان، بە پێ هێزو بەرچاو گرتنی هاوسەنگی هێز.

**بۆپێشەوە: پیکهێنانی دەستەی نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری، بیگومان لە پراکتیکی خۆیدا رووبەرووی دەسەڵات و خاوەن کار دەبێتەوە، ئەو دەستانە چۆن روبەرووی ئەو حاڵەتە دەبنەوە؟**

**فوئاد سادق:** سەرەتا دەستەی ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکان لە دەوری کۆمەڵێک خواست و داواکاری سەرەتایی پێکدێت لە بابەت و داواکاری مۆچە، لابردنی باج لەسەر خەڵکی کوردستان، سووتەمەنی بە تایبەتی نرخی بەنزین، دابینکرن و فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی تەندروستی ...هتد. بە یەک دەست و یەک وتە و یەک شیعار بەشداری ناڕەزایەتییە جەماوەریەکان دەکەن بۆ پەرەدان بە ناڕەزایەتییە جەماوەریەکان و یەکگرتوو کردنی هەم لە ئاستی محلی و هەم لە ئاستی سەرانسەری دا ، گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی جەماوەری بۆ ڕێگرتن بە هێرشەکانی دەسەڵات و پاشەکشەکردن پێان و گەڕانەوەی ئیرادەی جەماوەر لە ئیدارەدانی خۆیدا.

# ئۆکرانیا و باوەشێن کردنی جەنگ

## عەبدوڵا مەحمود

هیرشی دەسەڵاتی بۆرژوا/ناسیونالیستی روسیا، بۆسەر ئۆکرانیا بەردەوامە، هاوکات کۆمەک و هاوکاری چەک و تەقەمەنی و فراوان بۆ ئۆکرانیا و خستنەگەڕێ ماشێنێکی جەنگی راگەیاندن لەلایەن ئەمریکا و ناتۆ و بەشی هەرەزۆری وڵاتانی ئەوروپاوە، درێژەی هەیە.

هەرکەسێک کە چاودێری جەنگی ئیمپریالیستی و نیوان روسیا و هاوکارەکانی لەلایەک و ئەمریکاو ناتۆ و ئەورووپا لەلایەکی ترەوە لە ئۆکرانیا بکات، بەسادەیی ئەوە دەبینێت، کە ئەمریکا و غەرب و ناتۆ، باوەشینی جەنگ لە ئۆکرانیا دەکەن، دەیانەوێت درێژە بکێشیت و فراوانتر بێتەوە. لەبەرامبەردا روسیاش دەیەوێت ئیدامە بەجەنگ بدات.

چ ئەمریکا و ناتۆ، و چ روسیا بە باوەشینکردنی جەنگ و فوکردن بە گڕی جەنگدا، و درێژەپێدانی، بەدوای ئامانجی دیاریکراووەن. ئەمریکا کە لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا توشی شکست و ناکامیەکی ئابڕوبەرانە بوو، دەیەوێت بە دنەدان و پشتیوانی کردن لە جەنگی ئۆکرانیا، ئابڕوی شکستخواردوی لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بە زاڵکردنی باڵادەستی بەسەر ئەوروپادا، قەرەبووبکاتەوە. خوازیارە خەونی زڕاوی بۆ سازدانی دنیا یەک قوتبی، بە هەژموونی سەپاندن لە رێگای جەنگەوە بەسەر ئەورووپادا زامن بکات. دەمێکە ئەوروپا لە ئەمریکا دورکەوتۆتەوە و قلشتی لەگەڵیان زۆترو زۆتر بووە، هیرشی روسیا بۆسەر ئۆکرانیا و هەرەشەکردنی لە بەشیک لەوڵاتانی ئەوروپا و ناتۆ، لەوەش زیاتر راگەیاندنی ئەوەی کەخوازیاری نیزامێکی نوێی جیهانییە، بواری کردۆتەوە کە ئەمریکا وەکو فریادرەس و بەرگری لە ئەورووپا، نمایشی رۆڵی خۆی بکات و ئەو دوورکەوتنەوەیەی ئەورووپا لە خۆی، نزیک بکاتەوە، و بەربگرێت بە رەوتی هەژموونگەرایی و پاوانخوازی روسیا و گەڕانەوەی بۆسەر شانۆی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەگەر رۆڵی ناتۆ وەکو ماشێنیکی هیرش بەرانەو گوێ لەمستی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، ئامادەیی سەربازی لە دەیان وڵاتدا، تا ئیستا بەرجەستە و دیارە، بەڵام رۆڵی ناتۆ لە ئەورووپادا، کە بریار بوو بەرگری لە ئەندامەکانی و ئەو وڵاتانە بکات کە ئەندامی ناتۆن و دەکەونە بەر هەرەشە، نەک هیچ رۆڵێکی نەبوو، بەڵکو ڕێکخراوەیەکی تۆپیوی بێ ڕۆڵ بوو، هیچ جێگاو ڕیگایەکی دیاری نەبوو. جەنگ و هیرشی روسیا بوسەر ئۆکرانیا بواری کردۆتەوە تا ناتۆ وەکو گوێ لەمستی ئەمریکا ئەمجارە لە ئەورووپادا، رۆڵی خۆی بگێرێت و ئابڕو بۆخۆی بگێرێتەوە. ناتۆ خوازیاری درێژە کیشانی جەنگە، نەک هەر ویستی بەرین بوونەوەی هەرەشەکانی روسیا بۆسەر ولاتانی ئەوروپای هەیە، بەڵکو تامەزرۆی ئەوەیە روسیا هەرەشەکانی زۆرتر لە ولاتانی ئەوروپا بکات، تا لەو ریگایەوە و بەناوی بەرگری لە ئەندامەکانی پیگەی خۆی بگێرێتەوە و وڵاتانی ئەوروپا و هەرەشەلێکراو ناچار بە خواستی ئەندامەتی لە ناتۆدا بکەن. بەکردەوەش ئەم دۆخە پێکهاتووە و زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپای دەرەوەی ناتۆ، لەبەپاساوی بەهیزکردنی هیزە بەرگریان، خواستی پەیوەست بوون بە ناتۆیان هەیە. جیا لەوانە ئەمریکا و ناتۆ بە گێرانی رۆڵی خۆیان، دەیانەوێت بەبە هیزکردنی ناتۆ و جیگە پەیداکردنی، رێ لەوە بگرن کە ئەوروپای یەکگرتوو، بیر لە پیکهێنانی بەکردەوەی سوپای یەکگرتووی خۆی بکاتەوە، کە دەمێکە لەلایەن چەند وڵاتێکی ئەورووپاوە لەسەر مێزی هێنان و بردنە. بۆیە ئەمریکا و ناتۆ، بە هەموو شیوەیەک باوەشێنی جەنگ دەکەن و بەنزین دەپژێنە ئاگری جەنگ، ترسی روسیا بۆسەر ئەورووپا و دنیا، چەند بەرابەر زڵ و گەورە دەکەن، تا ویستەکانی خۆیان لە ئەورووپادا بەجێ بهێنن.

دیارە بۆ روسیاش، کە لەلایەکەوە لەسەر لاشەی شکستخواردووی رۆڵی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هاتە گۆرەپانی روداوەکانی ناوچەکە، و بەکردەوە بووە کاراکتەرێکی دەخالەتگەر لەچوارچیوەی سیاسەتی خۆی و نەیار بە تەماح و ئامانجەکانی ئەمریکا، لەلایەکی تریشەوە بە پشتبەستن بە توانای سەربازی و جبەخانەی وێرانکەری جەنگی و بەو بوژانەوە رێژەییەی لە مەیدانی ئابوری و بە پشتیوانی و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ چیندا، بۆ پیکهاتووە، بواری بۆ کرایەوە تا نمایشی خۆی وەکو قودرەتێکی جیهانی، لە هەلومەرجی تازەی دنیادا بکات و فاتیحا!! بۆ ناکامی هەوڵی ئەمریکا بۆ سازدانی دنیای یەک قوتبی بخوێنێ.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کە ناتۆ و تا دەهات سنوری قەڵەمرەوی خۆی لە ئەوروپا زیاتر دەکرد و بازنەی ئابلۆقەدانی روسیای لەڕێگای هاوپەیمان و دۆستەکانیەوە لەگەڵ سنورەکانی روسیا تەسک تر دەکردەوە، بۆرژوازی روسیا و نوخبە ئۆلیگاریشەیە پاوانخوازیەکەی کە خەونی دوبارە سازدانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتیان، لەسەردایە، بە کەڵک وەگرتن لە ئەزمە سنورەکانیان لەگەڵ ئۆکرانیا، پیویستیان بەجەنگ بوو. هیرشی بۆسەر ئۆکرانیا کاردانەوەی بۆرژوازی روسیا بوو بەدژی فراوانکردنی قەڵەمرەوی ناتۆی گوێ لەمستی ئەمریکا و هاوکاتیش بۆ هاتنە مەیدانی وەکو قوتبێکی جیهانی، لە دنیای دوای شکست و ناکامی ئەمریکا بۆ سازدانی دنیای یەک قوتبی.

روسیا لەشەر لە ئۆکرانیا، پیویستی بەوەیە توانایە سەربازییەکەی، رادە و ئاستی چەکە وێرانکەرەکانی، ریزی هاوپەیمانیەتیەکانی لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا... بخاتە ڕوو. وە ئەمریکا و ناتۆ لە پیگە و تونایی ئیستای روسیا، بێدار بکاتەوە. بۆیە روسیا بە پێداگری لەسەر داواکارییە زەبەلاحەکانی لە ئۆکرانیا، کە کلک و گوێکردن و کردنی ئۆکرانیایە بە تەیرێکی عەنتیکە، پیویستی بە درێژەدانی جەنگ و خستنە رووی چەکە وێرانکەرە بێ وینەکانە، تا لەو ریگایەوە توانایی خۆی نیشانی ناتۆ و ئەمریکا بدات و وەکو بلۆکیکی دانپیانراو لە دنیای ئیستادا، پیگەی بەرەسمی بناسرێت. روسیا و چین هیزو قوتبێکی نوێن، ئیتر فەرامۆش کردنیان، یاری کردنە بە ئاگر.

بێگومان قوربانیانی ئەم جەنگەی لە ئۆکرانیا بەڕێوەدەچیت و لە بنەرەتدا بۆ دوبارە سازادانەوەی ئارایشی تازەی دنیایە، بەجیا لە خەڵکی بێتاوانی ئۆکرانیا و وێران بوونی ژێرخانی ئابوری و داروخانی ئەو وڵاتە بەسەر یەکدا، چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی دنیایە. هەر ئیستا دنیا بەدەست هەرەشە و ئاکامەکانی جەنگەوە هەناسە سوار بووە. چوونەسەری خێراو بێ وێنەی نرخی سوتەمەنی و خۆراک، قورسایەکی زۆری خستۆتە سەرشانی جەماوەری ملیاردی دنیا. خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری و ملیۆنی لەزۆر وڵات و شوێنی دنیادا، بەرامبەر بە چونەسەری نرخی سوتەمەنی و خۆراک و بەدژی پیشبرکێی خۆ پڕچەک کردن و بردنە سەری بودجە بۆ بواری سەربازی، پەیامی دژە جەنگی ئۆردوی ملیۆنی چینی کرێکار و جەماوەری بیبەشە بەدژی ملهوری نوندانی بلۆکە بۆرژوازییەکانی دنیا. بێگومان بەرین بوونەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی ملیۆنی لە وڵاتەکانی دنیادا، بەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی وڵاتەکان، لە بنەرەتدا "نا" وتنە بە جەنگ و لێکەوتەکانی لە میلیتاریزم و کوشتار و ئاوارەیی و گرانی و بەینبوونەوەی هەژاری.

# لەپێناو مرۆڤایەتیدا، با لێبووردەبین..

## نووسینی: شەماڵ بارەوانی

### بەشی یەکەم



هەڵبەت، لێبوردەیی یەکێک لەهەرە خەسڵەتە بەرز و جوانەکانی مرۆڤە، لێبوردەیی ڕەگی شارستانیەت و ماکی ژیانە. لێبووردەیی ناسنامەی مرۆڤایەتی و پێشەرمەجی ژیان و بنەمای بوونە. ژیان لەسەر بنەمای لێبوردەییەوە وەستاوە. لەهەر شوێنێک لێبوردەیی نەبوو ژیان نابێت، ئازادی نابێت، سۆزو بەزەیی نابێت، مرۆڤ بوون و مرۆڤ دۆستی نابێت، ویژدان نابێت، ئەخلاق و مۆڕاڵ نابێت.

مرۆڤی نالێبوردە، مرۆڤێکی بێ مۆڕاڵە، توندوتیژو بەربەرە، مرۆڤێکی سادیک و نەخۆشەو پێویستی بە چارەسەرە.

دەی تکایە با لەپێناو ژیان و مرۆڤایەتی، لەپێناو خۆشەویستی و یەکڕیزی، لەپێناو ئەخلاق و بەها باڵاکان، لەپێناو یەکترقبوڵکردن و پێکەوە ژیان، با لێبوردەبین، لێبوردەیی بکەین بە ئەقیدە و پڕنسیپمان، لێبووردەیی بکەین بە گەوهەر و هەوێن و هەموو شتێکی ژیان. دواجار جگە لە لێبووردەیی هیچ شتێکیتر نامانگەیەنێت بە ئامانج و مرۆڤ بوون. ئەلتەرناتیڤی لێبوردەییش تەنهالێبوردەییە.

لێبوردەیی نەبێت، توندو تیژی لەدایک دەبێت. تیرۆر سەرهەڵدەدات. فێندەمێنتالیزمی ئاییني زاڵدەبێت. جەنگی مەزهەبی ڕوو دەدات. مرۆڤایەتی پێشێل دەکرێت. ئازادییەکانی تاک بن پێدەخرێت. لەسەر دیدو بۆچوونی جیاواز مرۆڤ بە هەرتەقەو تەکفیر دەکرێت و مرۆڤایەتی و مرۆڤ بوونی مرۆڤ بێسەروشوێن دەکرێت.

تەنها مرۆڤی شارستانی دەتوانێت لێبوردەبێت.

مرۆڤی فێندەمێنتالیست و کەسی ئایدیۆلۆژیست و بابای مەزهەبگەرا، هەرگیز ناتوانێت لێبورەبێت. مرۆڤێک دەمارگیری ئاییني و ڕقی ئایدیۆلۆژی و نەخۆشی مەزهەبی کوێری کردبێت، چۆن دەتوانێت لێبوردەبێت!؟ چۆن دەتوانێت مرۆڤ بوونی مرۆڤ ببینێت، بەرلەوەی ئایین، مەزهەب، ڕەنگ و ڕەگەز و هەرشتێکیتری ببینێت.

ئەو جۆرە مرۆڤە بەئایدیۆلۆژیست بووە، ئەو جۆرە مرۆڤە ڕقاویە، ئەو جۆرە مرۆڤە ڕاسیزم و دەمارگیرە،


هەرگیز ناتوانێت، لێبووردەبێت، تاوەکو بڕیار نەدات، تەنها لەڕوانگەیەکی ئەبستڕاکت و پەتییەوە، مرۆڤ بوونی مرۆڤ ببینێت.

تا خۆی بە تەواوی لە پەتاو نەخۆشی دەمارگیری و ڕق و کینەو ڕەگەزپەرستی دانەماڵێت، هەرگیز ناتوانێت لێبووردەبێت و لێبووردەییانە لەژیان بڕوانێت.

**ماویەتی.**

# پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com



**پرسی پێدان و لێبڕین و پرۆسە و شێوەی دابەشکردنی مووچە لە کوردستان؛ بۆتە قسەی خەڵك و بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم و کێشەوقەیرانێکە سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان دەرگیریەتی. ڕووداو و کێشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری لێکەوتۆتەوە. ڕووداوی گیانلەدەستدانی دوو خانەنشین لە سلێمانی و یەکێکی دیکە لە سۆران لەئەنجامی قەرەباڵەغی کاتی وەرگرتنی مووچە و ناڕێکی دابەشەکردنەکەی، کۆمەڵگەی زۆر نیگەرانکرد. ئێوە وەك خانەنشینێك ئەو کێشەیە بۆچی دەگەڕێننەوە و چارەسەری چۆن دەبینن؟**

مامۆستا ئەحمەد هەورامی ئەندامی یەکێتی خانەنشینانی کوردستان/ سلێمانی لە وەڵام بەپرسی ڕۆژ بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:

خانەنشینان ئەۆتۆێژەن کەزوربەی تەمەنیان لەپێناو گەلەکەیان بەسەربردووە، بەڵام وەفای ئەم دەسەڵاتە بۆیان ژیانێکیان پێ ڕەوا نابینن کەشایستەی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت.

1. خانەنشینان مووچەیان لەبوودجەی حکومەتدا نییە، تا دوومانگ جارێک پێیانبدات یان پاشەکەوت بکرێت، بەڵکو مووچەیان لەسندوقی خانەنشینە. بەڵام لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ەوە تائێستا ئەو سندوقە نەپارەکەی کە لەمووچەی فەرمانبەراندا دەبرێت لەدامەزراندنیانوە تاوەکو خانەنشین دەبن؛ دیارنیە ودزراوە. ٢. خانەنشینان تائێستە ٢٠ مووچەیان پاشکەوت کراوە وشەش مووچەشیان لەسەدا ٢١ یان لێبریون، حکومەتیش هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پارەیە! واتە ئەویش خورا.

٣. ئەو غەدرە گەورەیەی لەخانە نشینانی هەرێم کراوە ئەوەیە کە؛ یاسایەکی یەکگرتووی عێراق هەیە ژمارە ٩ ی ساڵی ٢٠١٤ کەکەمترین مووچەی خانەنشین لەبەغداد ٥٠٠ هەزار دینارە، بەڵام لەهەرێم ٢٠٠ هەزار دینارە! چەندەها یاداشتمان داوەتە بەرپرسان، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەبوو بۆهاوتاکردنی مووچە وەکو بەغداد.

٤. خانەنشینان لەهەرێمدا لەبەرخراپی باری ژیانیان و تێپەڕاندنی تەمەنیان، گێرۆدەی چەندەها دەردبوون، لەشێوەی نەخۆشی درێژخایەن کەمووچەکەیان بەشی چارەسەریان ناکات. بەڵام ئەم دەسڵاتە کەئەم سەروەتو سامانەی ئەم وڵاتە فەرهود دەکات! ڕەوا نابینێت کەکەمترین ماف، کەبیمەی تەندروستیە بۆ ئەم تۆێژە نەخۆشەیە دابین بکات؟ یان جێگەیەکی حەوانەوە کەشایستە بەکەسایەتی ئەم تۆێژە بێت کەهەمووان قەرزارینی، نەک ڕۆژانە کاتەکانیان لەسەرشۆستەی شەقامەکان و ناو دوکەڵی چایخانەکان بەسەردەبەن. باشە ئەم تۆێژە شایانی ئەوەن ئەم بەرپرسانە فەرامۆشیان بکەن! کەچی خۆیان و خاوخێزانیان بەفرۆکەی تایبەت گەشتی وڵاتان دەکەن.

٥. دەردە گەورەکە لەوەدایە خانەنشینان لەوتەمەنەدا بە نەخۆشی و بەسەرعەرەبانە و دارشەقو قۆڵگرتن بەسەرمای زستان وگەرمای هاوینو بە قەرەباڵەغیەکی بێئەدازە لەسەرەدا بەهۆی پاڵەستۆ لەبەردەم بانکی تانجەرۆ لە سولەیمانی دوو خانەنشین گیانیان لدەستداو سیانیش لەهۆش خۆیان چوون و بوورانەوە، هەروەها لەسۆران پێشمەرگەیەکی خانەنشین دوای وەرگرتنی مووچەکەی گیانی لەدەستدا. ساڵی پاریش لەبەردەم بانکی کەلار لەبەر گەرما خانەنشینێک گیانی لەدەستدا. هەمانکات خانەنشیێکی ترلەبەردەم بانکی تانجەرو لەبەرگەرمای تاقەتپروکێن ئەویش گیانی لەدەستدا. جگە لەسەدەها خانەنشینی تر لەشارەکانی هەرێم تووشی چەندەها کارەسات بوون لەکاتی مووچە وەرگرتن. ئەمەش لەبەرنەبوونی میکانیزمێکی گونجاو بۆدابەشکردنی مووچە، لەگەڵ نەبوونی هیچ خزمەتگوزارییەک لەبانگەکان؛ وەک نەبوونی جێگەی دانیشتن، نەوەستان ...تاد

٦. زیاتر لەمانە خانەنشینان لەوتەمەنەدا بەنەخۆش بەنەبوونی دوای هەمووتۆێژەکانی تری مووچەخۆران مووچەوەردەگرن! کەزۆرجار دەرۆن بۆمووچە دەڵێن بانک پارەی تیانیە! دەسەڵات لەم وڵاتەی ئێمەدا بەم شێوەیە خزمەتی ئەو تۆێژە دەکەن کەگەنجیەتی و هێزو توانایان لەپێناو ئەم وڵاتە بەسەربردە ...دەک خەجاڵەت بن... تاکەی ئازاری ئەم توێژە ماندووە ئەدەن؟

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژوورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# بۆپێشەوە پێی نایە سالی شەشەمەوە

ئەمرۆ بۆپێشەوە پێ دەنێتە شەشەمین سالی بەردەوام بوونی. لەماوەی پێنج سالی رابردوودا، بۆپێشەوە وەکو سەکۆیەکی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز لەمەیداندا بووە.

بۆپێشەوە لەناو دەیان و سەدان کەنالی بیستراو بینراو چاپکراوی حزبی و ناحزبیدا، ئەهلی و شەخسیدا، هەمە چەشنی سیاسی و کۆمەلایەتیدا، تاکە بلاوکراوەیەی چەپ و کۆمۆنیستییە کە بەشێوەی رێک و پێک و لەنێو سەدان میدیای هەمە رەنگدا، ئەگەر کۆبونەوەو نارەزایەتییەکی کرێکاری بە ناچاری و کەم کورییەوە بگوازنەوە، بەلام باسێک لە مەینەتەکانی چینی کریکار و هۆکارو ریشەی بێمافیەکانیان نابینرێت. ئەگەر بۆلە بۆل و رەخنەیەک لە سیستەمی سیاسی و حزبەکانی دەسەلات و کارنامەکانیان بگرن، بەلام ئەو بزوتنەوەیەی لانەی پێگرتن و ژینگەی ئەم حزب و کارنامەکانیانە، بە پیرۆز رادەگرن. ئەگەر دەتوانین بلێین بۆپێشەوە، تاکە سەکۆی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیزم و نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەرییە، کە نەبۆتە پاشکۆی روداوەکان و رۆلی چاودێری سیاسی ناگێرێت. رەوتی کارکردنی ئاکسیۆنی و خۆبەخۆ و بێ نەخشە نییە، بڕوای بە کاری رێکخراو و ئامانجدارانەیە. سایت و میدیایەک نییە چاوەروانی ئەوە بێت ئەو بابەت و راپۆرت و هەوالانە بلاوبکاتەوە کە بۆی دێت، بەلکو خۆی ئاراستەی بابەت و راپۆرت و خەتەکەی دیاری دەکات و ستافەکەی لەکاتی خۆیدا لەسەر هەر مەسەلەو بابەت و کێشە و دۆسیەیەکی دیاریکراو، لە ڕوانگەی بەشی پیشرەوی چینی کریکار و ئینسان دۆستیەوە، رەخنە دەگرێت و هاوکات بەدیل دەخاتە ڕوو. هەوالنێری ناکات و پشتی هەوالەکان و لایەنی شاراوەیان دەخاتە ڕوو. ئەمەش ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بۆپێشەوە

**بۆپێشەوە سەکۆیەکی گێرانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان، بلندگۆیەکی سازدانی شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کریکارە، مینبەرێکی شۆڕشی کرێکارییە لە کوردستان. با ئێمە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەدەستیەوە بگرین و لەو رێگایەشەوە میدیای چەپ و کۆمۆنیستی بکەینە چرا و قیبلەنوومای رۆشنکردنەوی ئایندەیەکی گەشاوە و چوارچێوەیەکیش بۆ رێکخستن وسازدانی شۆڕشی بێبەشان...**

لەکاتی خۆیدا، بە فۆرم و ناوەرۆکێکی تەواو جیاوازەوە دەرچووە.

بۆپێشەوە لە کاتێکدا لەسەر گەیاندنی پەیامی کۆمۆنیستی و ئینسانی و ئازادیخوازنەی خۆی بەردەوامە، کە میدیای هەزار سەری ژەهر هەلگرتوی بۆرژوازی ڕەوتەکانیان، لەداهاتی خەلکی کوردستان و لەموچەی کرێکاران و کارمەندان، کۆمەلگە ژەهر باران دەکەن. ڕاستیە واقعیەکانی کۆمەلگە دەشارنەوە، حاشا لە ململانێی چینایەتی دەکەن، بلندگۆی هەموو کەسافەتیکی قەومی و دینی و مەزهەبی و فاشیستی و راسیسیتین، دەنگی هەموو ڕەوتە هەمەرەنگە سیاسی و دزە حیرفەیەکانن، سەکۆی درۆسازی و پەرەپۆشکردنی ڕاستییەکان و مەینەتەکانی چینی کریکار و بێبەشانن، مینبەری بێئیرادەکردنی ئینسان و بەرەوا نیشاندانی واقعیەتە تالەکانی کۆمەلگەن.

لە باشترین حالەتدا میدیای سیبەر و بەناو ئەهلی لەپال هەندێک دەنگی چەورکراوی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنی بودەلەدا، جارجار بۆلە بۆل و ڕەخنەی روکەش ئاراستەی هەلومەرجی باو و دەسەلاتی رەشی حزبەکانی دەسەلات دەکەن، ئامانجی ئەو تیپەش ئەوەیە تا ناوەرۆکی بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی بشارنەوەو لەو رێگایەشەوە خۆیان بە تورەیی و نارەزایەتی جەماوەریدا هەلبواسن. رەخنەو تورەیەکیان لە فتوای مەلایەک هەبێت و ڕەخنەی بکەن، بەلام رەخنەیەیان لە کۆنەپەرستی نییە. لەگەل رەخنە لە مەلاو دیاردەیەکی دینیشدا، جنێوێک و بوختان و تەوهینێک بەمارکس و کۆمۆنیزمیش دەکەن تادلی خیلی مەلاو ئیسلامی سیاسی ڕابگرن. ئەگەر هەوالی کوژرانی ژنێک، یان خۆکوژیەکانیان و تەنانەت گۆرە بێ ناونیشانەکانیان نیشان بدەن، بەلام ئامادەنین هۆکاری پشتی ئەم قەسابخانەیە رابگەیەنن، ئامادەنین بەرگرییەکی شەرمنۆکانەش لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بکەن. باسی لاوان و بێ ئومێدیان دەکەنە مانشێت، بێ ئەوەی ریشەی ئیرادە وردکردن و بی ئومیدکردنیان بخەنە ڕوو. باسی گەندەلی وناشەفافی دەکەن، کەچی خۆیان لەناو گەندەلستانی دزی وتالانچیتدا، نوقمن. باسی نۆکەر پیشەیی حزبەکان دەکەن، بێ ئەوەی رەخنەیەک لە عادەت پیشەیی ئەو خۆشخزمەتییە بگرن.

بۆپێشەوە بە توانایەکی کەم و بەهەولی خۆبەخشانەی ژمارەیەک ئینسانی کۆمۆنیست و هاوکاری بێدرێغ، لەناو ئەو هەموو میدیا هەمەچەشنەی بۆرژوازی و ڕەوتەکانیدا، ئەرکی وەلامدانەوە بە ماشینی تەبلیغاتی بۆرژوازی و هاوکاتیش رۆلگێرانی بەوێنەی بلندگۆی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیزم و نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری، لە ئەستۆ گرتووە. لە هەموو میدیاکانی تری بیستراو بینراو نووسراوی تر جیا دەکاتەوە. ئەو لەکاتی خۆیدا هاتنە دەنگ و ئامادەییەی بۆ وەلامدانەوە بە گرفت و کێشە سەرەکی و گەرمەکان و خستنە رووی ئەلتەرناتیفی دیاریکراو لە جێگای درێژ دادڕی گشتی و مامەلەی ئاکسیۆنیستی میدیایی، جیاوازییەکی سەرەکیەتی لەگەل ئەو میدیاو کەنالە چەپانەش کە ئامادەییان هەیە.

بۆپێشەوە لەرێگای سەر وتارو وتارو دوا وتەیەوە، لەسەر گرنگترین مەسەلە و گرفتە سیاسی گەرمەکان لەڕوانگەی چەپ و کۆمۆنیزم، دیتە قسە. لە رێگای دۆسیەکانیەوە، فایلە سیاسیەکان و روداوەکان، لێکدەداتەوە و ریزیکی بەرین لە قەلەمی چەپ و کۆمۆنیست و ئینسان دۆست، دەدوێنێت. لە رێگای تەوەرەکانیەوە، دیدو روانینی راشکاوی خۆی بۆ پرسە گەرمەکان دەخاتە ڕوو. لەرێگای گۆشەی ژنانەوە، زولم و بێمافی ژنان، هۆکاری نابەرابەری هەلاواردنیان، وە رێگای وەدەستهێنانی ئازادی و مافەکان و کۆتاییهێنانی یەکجاری بەستەم کێشی سەر ژنان دەخاتە روو. وە لەرێگای وەرگێرانەوە دەیان بابەتی رابەرانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کریکاریی لە بۆپێشەوەدا بلاوبۆتەوە. لە ریگای گۆشەی ئەدەب و هونەرەوە، پەیامی هونەریکی ئینساندۆست و ژین دۆست و بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان و دیاردەکان، دەخاتە ڕوو.

بۆپێشەوە لەپێنج سالی رابردوودا، پابەند بە خەتی راگەیاندراوی خۆی و مەوازینی تایبەت بەخۆی بووە... پەیوەندیەکی توندوتۆلی لەگەل دەیان لە رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری چەپ و کۆمۆنیست و ئینسان دۆستدا رێکخستووە. لە پەیوەندی توندو تۆلدا بووە لەگەل دەیان کەسایەتی سیاسی بەرجەستە بۆ قسەکردن لەسەر دۆسیە و تەوەرە تایبەتیەکان. هێلی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، نوینەرایەتی کراوە و دەیان ژن و پیاوی تێکۆشەری ریزی یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان وپیاوان بۆپێشەوەیان وەکو سەکۆیەکی بەرگری لە مافەکانی ژنان و ئازادییەکانیان بەدەستەوە گرتووە. دەیان هونەرمەندی دەست ڕەنگین لە ریگای بەرهەمە هونەریەکانیانەوە، بەشداریان لە بۆپێشەوەدا کردووە و غەم و گرفتەکانیان، لە ریگای شیعر، لێکدانەوە بۆ تێکستەکان و کەسایەتییەکان کردووە. بە کورتە چیرۆک و بە هونەری کاریکاتیری ئاست بالا، واقعیەتی دنیای نابەرابەر و زولمستانی دەسەلاتیان خستۆتە ڕوو... لە ریگای گۆشەی پرسی رۆژەوە، پرسی زۆر گەرمی رۆژ، لەلایەن کەسایەتی شارەزای بوارەکەوە، تاوتوێ کراوە.

ئێستا بۆپێشەوە بە هەول و ماندووبوونی ستافیکی کەم و خۆبەخش، هاوکارانێکی ماندوونەناس، تا ڕادەیەک پەیوەندیەکی توند و تۆلی لەگەل کۆمەلگەو دەیان هەزار خوێنەردا دروستکردووە. خەت و روئیایی بۆ هەموو کەس و لایەن و گروپێک رۆشنە. بە سوکە نیگایەک لە مانشێت و سەرخەتی بابەتەکانی، جیاوازی ریشەیی لەگەل میدیاکانی ترو پەیامی روون و راشکاوی دەبینرێت.

بۆپێشەوە بۆ بەردەوام بوون و بەرەوپیشەوەچوونی زۆرتر و زۆرتری، بۆ پڕکردنەوەی لاوازییەکانی، پێویستی بە قەلەمی تیژی کۆمۆنیستی، ماکسیمالیست، رۆشن و بەشداری فراوانتری قەلەمی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست هەیە. هیوادارین لەدەستپێکی شەشەمین سالییدا، ژمارەیەکی زۆتر لەگەلمان بێن و بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن، کەموکوڕییەکانی چ لەباری ناوەرۆک و چ لەباری فۆرم و مۆنتاژەوە پر بکەنەوە، گۆشەی تری بۆ زیاد بکەن... وە بەدەستیەوە بگرن.

بۆپێشەوە سەکۆیەکی گێرانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان، بلندگۆیەکی سازدانی شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کریکارە، مینبەرێکی شۆڕشی کرێکارییە لە کوردستان. با ئێمە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەدەستیەوە بگرین و لەو رێگایەشەوە میدیای چەپ و کۆمۆنیستی بکەینە چرا و قیبلەنوومای رۆشنکردنەوی ئایندەیەکی گەشاوە و چوارچێوەیەکیش بۆ رێکخستن وسازدانی شۆڕشی بێبەشان...

**سەرنووسەر**



پرسی ژن ؟

**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..**

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# لەگەڵمانبن بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و کوشتنی ژنان!



## نووسینی/ بەهار مونزیر

کاتێک بیر لە کارێک دەکەیتەوە و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەیت، بۆ من قورسترین کات ئەو کاتەیە کە هەست دەکەم لە کۆمەڵگەیەکدام کارەکەم کەمترین پشتیوانی لێدەکرێت؛ کارەکەیشم »روبەڕوبونەوەی توندوتیژی و کوشتنی ژنانە«، چەند قورسە باس لە ئەزمونێک بکەیت، لە هەڵبژاردنێک کە پەیوەندی راستەوخۆی هەبێت لەگەڵ کوشتن-دا!

لێرەوە دەمەوێت بچمە ناو ئەو ژیانە قورسەی کە بێئەندازە هەست بە بەرپرسیاریەتییەکەی بکەیت و کاتێکیش دەبینیت کە هیچ جۆرە پشتیوانییەک نابینیتەوە لە کۆمەڵگەدا بە گشتی.

کاتێک ئێمە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵەکانی 'کوشتن، سوتاندن، فڕیدان، ئەتککردنی ژنان و...' دەبینین و دەبیستین و دەخوێنینەوە، بەر نەفرەتی کۆمەڵگەیەکی بێدەربەست دەبینەوە، نەفرت و غەزەبێکی ناحەقانە و دڵڕقی بێویژدانانە.

ئەم کۆمەڵگەیە لای ئاساییە ژن بکوژرێت، بەڵام لای ئاسایی نییە کچێک خۆشەویستی بکات. لای ئاساییە خۆی بخنکێنێت، بەڵام لای ئاسایی نییە بە خواستی خۆی هاوژین هەڵبژێرێت. هاوسەرێک لای ئاساییە لە ژێر فشاری نەبونیدا شەق لە هاوسەرەکەی هەڵبدات، بەڵام لای ئاسایی نییە بچێتە دەرەوەی ماڵ و کارێک بکات و سەرشانی ئەویش سوک بکات. برایەک لای ئاساییە خوشکەکەی بخاتە ئاوی دوکان و بیخنکێنێت، بەڵام لای نەنگییە خۆشکەکەی شو بە کوڕێک بکات لە عەشیرەتێک تر بێت کە ئەم بە دڵی نییە. دایکێک لای ئاساییە کچەکەی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە نێوچاوانی شین کراوە؛ بچێتەوە بۆ لای هاوسەرەکەی، بەڵام بۆی قەبوڵ ناکرێت دراوسێکەی یان ئەم و ئەو بڵێن 'کچەکەت بۆ جیابوەتەوە'.

کۆمەڵگە لای ئاساییە ئێمەی چالاکوانان لە ڕێکخراوەکان، هێرش و سوکایەتیمان پێبکرێت کاتێک کار لەسەر ئەو نمونانەی سەرەوە دەکەین، ئاساییە لە ناو دادگاکاندا بە جنێوی سوک کەرامەتمان بشکێنرێت، لایان ئاساییە بە کچان و ژنانی ناو ڕێکخراوەکان بوترێت 'بەدڕەوشت!'

دروستکردنی تۆمەت و قسەی سوکی سۆشیاڵ میدیا، لە ئاسانترین و ئاساییترین کارە لەم کۆمەڵگەیەدا. هەر لە فەرمانبەرەوە تاکو دەگاتە مامۆستا و دکتۆر و ئەندازیار و فەرمانبەر بەدڵی خۆیان سوکایەتی بە کاری ڕێکخراوەکان دەکەن، کەس هیچ ناڵێت لەبەرئەوەی بەردەوامی سوککردنی کاری ڕێکخراوەکان تەنیا بۆ ئەوەیە دەست نەبرێت بۆ ئەو تاوانانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوە، کە ئێمە لەم میحنەتی بێ ئەقڵییە دەربهێنێت، ئێمە لە ژیانێکی پڕ لە خوێنڕشتن و بوغز و رق دەربازبکات.

لە لایەکی دیکەوە، کێ داوای سزای تاوانبارانی کوشتنی ژنان دەکات؟ کەس دێتە دەنگ؟ ئەو واقیعە تاڵە وەک ئێمە دەیبینین تەنیا دالدەدانی بکوژانی ژنانە. ئەوانەی لە کاتی روداوەکانی کوشتن و توندوتیژییدا دەنگ هەڵدەبڕن و زۆر زوو کپ دەبنەوە، ژنان و کچان دێن و هەڵدێن بێ پشت و پەنان و دێنە لای ئێمە، کوا دەنگی هاوڵاتییان بەرامبەر بە دامودەزگاکان و دەسەلاتداران کە قبوڵی ئەو هەمو خوینرشتنە دەکرێت و دەیانەوێت ئەم تاوانە قێزەونانە ئاسایی بێتەوە، 'ئەنفالی ژنان' رازیبونی کۆمەڵگەی لەسەر نەبێت هەرگیز وەک ئەمڕۆ بەردەوامی نابێت؛ نە 'زەهرا' بکوژی دیارە، نە بکوژی 'سەروین'، نە بکوژی 'دۆسکی'، هەتا بە بکوژانی 'نەقیب محەمەد' دەگات کە خۆی بەرگریکاری دۆسیەکانی ژنان بوو... ئەرێ ئەوە کەسی تر دەپرسێت کوان؟ چۆن؟ پەنا دران؟

ئەم بۆشایە گەورەیەی ویژان تەنیا بە فشاری هاوڵاتییان دەتوانرێت پڕبکرێتەوە..

ئەرکی ئێمە لە ناو ئەم 'لافاوی خوێن'ـە، دەرهێنانەوەی ئەو دۆسیانەیە کە خۆینیان لێدەچۆڕیت؛ ئەوەی پێویستە بکرێت وەستانی لافاوەکەیە. ئەمەش تەنیا بە خۆبەرپرسکردن لەم تاوانانەیە، نەک بێدەنگبون لێیان.

ئەوە بێدەنگییە وای کردوە، کە تاوانەکان ساڵ بەساڵ لە هەڵکشاندابن، ئەوە بێدەنگییە کە ئەو تاوانانەی ئاسایی کردوەتەوە و رۆژانە داهێنان لە سوکاتیی و کوشتنی ژناندا دەکرێت و بە ئاسانیی و ئاسایی تێدەپەڕن!

«بێدەنگییش نیشانەی قەبوڵکردنی کۆمەڵگەیە، لەمەڕ رەوشی ژن لەم کۆمەڵگەیەدا»...

**ئەم کۆمەڵگەیە لای ئاساییە ژن بکوژرێت، بەڵام لای ئاسایی نییە کچێك خۆشەویستی بکات. لای ئاساییە خۆی بخنکێنێت، بەڵام لای ئاسایی نییە بە خواستی خۆی هاوژین هەڵبژێرێت. هاوسەرێك لای ئاساییە لە ژێر فشاری نەبونیدا شەق لە هاوسەرەکەی هەڵبدات، بەڵام لای ئاسایی نییە بچێتە دەرەوەی ماڵ و کارێك بکات و سەرشانی ئەویش سوك بکات...**

**ئەم بۆشایە گەورەیەی ویژان تەنیا بە فشاری هاوڵاتییان دەتوانرێت پڕبکرێتەوە..**
**ئەرکی ئێمە لە ناو ئەم 'لافاوی خوێن'ـە، دەرهێنانەوەی ئەو دۆسیانەیە کە خۆینیان لێدەچۆڕیت؛ ئەوەی پێویستە بکرێت وەستانی لافاوەکەیە. ئەمەش تەنیا بە خۆبەرپرسکردن لەم تاوانانەیە، نەك بێدەنگبون لێیان.**

**جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادییە بەرتەسك و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لـێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەرواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگە، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم ...**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

## گۆشەی ئەدەب و هونەر



# شەو نییە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت

باڵی چەپم دیشێت
پێدەچێت وەك جاران نەتوانم بفڕم
وەك ئەوسا ئەستێرەکان بەسەر
نەکەمەوەو
بەچۆلەکە بەتەمەنەکان نەڵێم
جوکە جوکی تەنیایتان باش
جوکە جوکی نەفرینتان باش

باڵی چەپم دیشێت
پێدەچێت وەك جاران بەناو کۆڵانی
شیعرە بێ ستیانەکانی خۆمدا
دانەگەڕێم و هەڵنەگەڕێم
سڵاوم لەو ژنە ڕەشپۆشە بۆناکرێت
دەستی ئەو منالە سوالکەرەم بۆ
ناگیرێت
دڵتەنگیی و زەردەخەنەی
کچەهەڵەبجەییەکم بۆ ناخرێتە
ڕستەوە

نازانم ئێمەی مرۆڤ چەندساتێك
بەرلەمردنمان چۆن چۆنی
بیردەکەینەوە
چۆن چۆنی ڕەنگەکان دەبینین
بەچیدا ئاو دەناسینەوە
بەچیدا دەزانین کەبەرەو دوونیایەکی
ئەبەدی دەڕۆین
دوونیایەك کەباگەمەی تیادەکات و
باران بەبێ سەرپۆش بەشەقامەکانیا
پیاسەدەکات

باڵی چەپم دیشێت
پێدەچێت ئەمە خۆم نەبم دەنائاوا
هۆگری گەڕان نەدەبووم بەناو
گۆڕستانەکاندا و گوێم بۆدەنگی
مردوەکان
هەڵنەدەخست لەکاتی سوتاندا
نائەمە هەرگیز لەمن ناچێت
کەی من شەڕەجنێوم لەگەڵ پیاوە
دووڕوەکاندا کردوەو کەی من
لەدەرگای
ژنەجادووگەرەکانم داوە

ئەمە من نیم
یەك مسقاڵ لەجەستەی خۆمم
بۆناناسرێتەوە
بەم هەموو دڵەڕاوکێیەوە چۆن
دەتوانم
گوێ لەبانگی بەیانیان بگرم
ئەو دەنگانە سترێسم دەکەن کەوەك
بایەکی نەعلەتی پەنجەرەی
ژوورەکەم
ڕادەوەشێنن

پەردەکە دادەرەوە
ئەو لەودیوەوە سەیرمان دەکات
حەزدەکات خەنجەرمان لەسەر
ڕاکێشێت
پێیخۆشە بزمار بەچاومانا داکوتێت
پێدەکەنێت ئەگەر خوێنمان بەسەر
پێڵاوەکانمانەوە ببینێت

باڵی چەپم دیشێت
پێدەچێت وەك ئەوسا نەتوانم بفڕم
وەك ئەوسا دراوسێکانم بۆ
نەناسرێتەوەو
پێیان نەڵێم بێدەنگیتان باش
پەردەی پەنجەرەکە دادەرەوە
ئەو لەودیو دیوارەکەوە تەماشامان
دەکات
گاڵتەی بەپێکەنینمان دێت
بیرلەوە دەکاتەوە
ئاوێنەکەمان بشکێنێت
............

**میرزا**



# مامە ئەحە

نووسینی: ئارام حەسەن

کڕین و فرۆشی بە توتنەوە دەکرد، پیاوێکی لاواز و درێژکۆڵەی چاو سەوز، جارێك نەمدی جامانە و پشتێنەکەی توندوتۆڵبێ، بەڵام هەتا بڵێی ڕووخۆش بوو، چاوەکانی زوو زوو دەتروکاند، ناوبەناویش بەدەم قسەکردنەوە زیاتر چاوەکانی دەکردنەوە، جاروبار سمێڵە زەردهەڵگەڕاوەکەی لەبن لوتە درێژەکەیەوە بە دوکەڵی جگەرە وندەکرد، لاق درێژێکی کەمەر باریك بوو، هەمیشە بەو گوێنیە بۆرەی، کە لەژێر باڵی چەپیدا بوو کۆڵانە و کۆڵان دەگەڕا..

ساڵی 1990 ئێوارەیەکی هاوین، بە ڕێکەوت لە یەکێ لە کۆڵانەکانی گەڕەکی کارێزەوشك توشی بووم، دوای تەوقە و چاك و چۆنی، کتوپڕ لە زمانی چاوەکانی تێگەیشتم، ڕێك وەك ئەوەی بیەوێ پێمبڵێ ئەزانم کە خەریکی مێیازیت، بەڵام بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ "کۆڵانان مەگەڕێ باوە، تۆ کوڕی کێت پێئەڵێن"

لەبەردەم مزگەوتی گەڕەکەکەمان دار توویەکی زڕی گەورە هەبوو، دیسان دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی دی، وەختێ بە تەنیا لەبن سێبەری توەکە دانیشتبووم، بەخۆی و گوێنیەکەی ژێرباڵی و بەدەم تووندکردنەوەی بەنەخوێنی شەڕواڵە زەرەدەکەیەوە لە دەرگای مزگەوت وەدەرکەوت، دیاربوو بە پەلەپەل میزی کردبوو، چونکە چەند دڵۆپێك تەڕایی لە ئاستی ئەژنۆی لای ڕاستەوە لەسەر شەڕواڵەکە دیاربوون، بەرەو ڕووم هات، لەدوای چاکوچۆنی لێی پرسیم:

ـ "ماوێتی بۆ نوێژی عەسر؟"

ـ "نازانم"

ـ "چۆن نازانی؟"

ـ "ئێ نازانم"

ـ " نوێژەکەی؟"

ـ "نەخێر"

بەو وەڵامە، یەکسەر ئەو پێکەنین و خەندە هەمیشەییەی سەر لێوە باریکەکانی نەما، زیاتریش لەسەری نەڕۆیشت، ئەوجا گوتی:

ـ "ئا با شتێکت بۆ بگێڕمەوە"

ـ "فەرموو"

ـ "زەمانی عەبدولکەریم قاسم، بەیانیەکیان من و (حاجی حەمە نەویست)ی چاڵەکۆن، جا ئەوسا حاجی نەبوو هەرزەکارێکی هەزارپێ بوو، چووین بۆ مزگەوت، دوای جەماعەت چاوێکم لێداگرت، ئیتر تێگەیشت ئەڵێم چی، جا لە زستانا زوو زوو ئەچووین بۆ ڕاووڕووت لە باریکە ڕێگەکەی پشت بەردەهەڵۆ، چووینەوە بۆ ماڵ و بڕنەوەکانمان هێنا، حەمە نەویست بەرماڵێکیشی هێنابوو لەگەڵ خۆی، نەمانزانی دوو چەتەی تر پێش ئێمە گەیشتوونە ئەوێ بۆ خاڵیکردنەوەی گیرفانی ڕێبواران، وەڵڵا کاکە هەر کە نزیك بووینەوە سەرو فیشەکیان نا بەبەر پێمانەوە، من ویستم جوابیان بەمەووە تەقە بکەم، بەڵام ئەو کافربابانە فاسیلەیان نەیاین، نە یەك و نە دوو نە سێ، تاق تەق.. گیڤ.. گیییڤڤڤڤ.. تووق تاق.. جا خوا بەوە ڕوحمی کرد فریای ئەوە کەوتم بە حەمە بڵێم لەجێی خۆت دانیشە، بە بەرماڵەکە خۆت داپۆشە با وابزانن گابەردی، ئەگینا خوا عەلیمە حەمەیان ئەکوشت، ئەو بەرماڵە بوو بە خێروبەرەکەت بۆی"

---

*بەنەخوێن: دۆخین

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



گۆشەی ئەدەب و هونەر

# حەسن مەردانی شاعیر... بۆدلێری عەرەب



ئامادەکردنی: جەمال نورى

حسين مەردانی شاعیر لە شارۆچکەی طویریج هندیەی سەر بە پارێزگای بابل باشوری عێراق لە ساڵی 1927 لەدایک بوە، باوکی پۆلیس بووە، بەهۆی پیشەکەیەوە لەشارێکەوە گواستراوەتەوە بۆشارێکی تر حسين مردان تەمەنی پێنج ساڵ دەبێ باوکی دەگوێزرێتەوە بۆ جدیدە شط سەر بە پارێزگای دیالی، خوێندنی سەرەتای لە بەعقوبە تەواو دەکا، خوێندنی ناوەندی تەواو ناکا و ڕودەکاتە بەغدادی پایتەخت، لەوێ لە ڕۆژنامەی اهالی وەک هەڵەبرو نوسەر دادەمەزرێ. لەساڵی 1952 بەهۆی نوسینی شیعرە داماڵراو و ڕووت سزای زیندانی کردنی بەسەردا دەدرێت بۆماوەی ساڵێک، بەڵام یەکێتی نوسەرانی عێراق بەرگری لێ دەکەن و ئازاد دەبێ، پاشان دەچێتەوە بۆرۆژنامەی اهالی، بەمەبەستی ئیشکردن تیایدا، بەڵام داخراوە، دواتر ڕووەکاتە ڕۆژنامەی الاخبار و لاپەڕەی ئەدەب و هونەر دەگرێتە دەست، دواتریش لە گۆڤاری المستقبل و پاشان لەگۆڤاری الف باء وەک ئەندامی دەستەی نوسین دەست بەکار دەکات، دوا پلەی ئیشکردنی وەک فەرمانبەرێکی حکومی لە دەزگای ئیستگەو تەلەفیزیۆن بەرپرسی کاروباری ڕۆشنبیری بەردەوام دەبێت.

حسين مەردان وەک بیروباوەڕی فکری و سیاسی بە کەسێکی چەپی مارکسی لەقەڵەم دەدرا لە دوای 14ی تموزی 1958 هەڵدەبژێرێت وەک ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردنی ئیداری لەیەکێتی نوسەرانی عێراق دا.

حسين مەردان و زیندان

لەژیانیدا حسين مەردانی شاعیر شەش جار ڕووبەڕوی زیندان بۆتەوە، بۆجاری یەکەم لەساڵی 1948 لەشاری بەعقوبە، جاری دووەم بەهۆی لەچاپدانی کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی شیعرە لاسارەکانیەوە و جاری سێهەمیش بەهۆی قەسیدەی ئاوازی ڕەش کە لە شێوەی نامیلکەیەکی تایبەتدا بڵاوبۆوە، لەساڵی 1950 دا دەستی بەسەردا گیرا، وەجاری چوارەمیش لەساڵی 1952 دا بەهۆی بەشداریکردنی لەخۆپیشاندانەکانی گەلی عێراق، دەستگیر دەکرێ بو ساڵێک، ڕێگەی دەرکردنی شیعریشی لێ قەدەغە دەکرێ دواتر بە کەفالەت ئازادی دەکەن. بەڵام جاری پێنجەم و شەشەمی بەهۆی بیرو بۆچونیەوە.

حسين مەردان لەبەرئەوەی لایەنگری بیری مارکسیزم بوو، دەڵێن سەد هەزار نوسخەی لە فکری مارکسیزم خوێندبۆوە کە لەشیوعیەکانی وەرگرتبوو لەناو زیندانەکە لەگەلیدابوون.

حسين مەردان، کاتێک لەسەر خۆی دەدوێ دەڵێ:-

من دیکتاتۆری شعرو ئەدەبم، هەروەها دەڵێ من جێگرەوەو وەریسی بودلێری شاعیرم، بۆیە بەبودلێری عەرەب، ناوی دەهێنرا، دواتر بەردەوام دەبێ و دەنوسێ من خەلیفەی شیعری غەزەڵی سەردەمی عەباسییم، حسين مەردان هێندە باوەڕی بەخۆی هەبووە، خاوەن کبریایەکی گەورە بووە، دوای ئەوەی مەردان لەلایەن باوکیەوە فشاری زۆری دەچێتە سەر کە ڕێگای پێنادات گرنگی بدات بە ئەدەب و دنیای شیعر، ئەمەش بۆ حسين مەردان جێگای قبوڵکردن نەبووە، هەربۆیە واز لەخوێندنی زانکۆ دەهێنێ و دەچێتە بەغدادو لەڕۆژنامەی اهالی دادەمەزرێ، حسين مەردان لەسەر خۆی دەڵێ، من پیاوێکی هەور ئاسام، کەسێکی سەیرو لەناکاوم، کەسێکی شەڕەنگێزی سەر جادەکانی بەغدام، وەک کەسێکی برسی و لادەر لەشیعرو ژیان.


ژن لەلای حسين مەردان

حسێن مەردان لەژیانیدا، بەئەندازەیەک سەرسام بوو بە جوانی ژن، کەبەو ئەندازەیە هیچ شاعیرێک نەیتوانیوە بە شێوە ئیباحیەکەی وەسفی جوانی ژن بکات، حسين مەردان دیوانێکی شیعری بەناوی (قصائد العاریە) لەسەر ژن دەنوسێ و لەسەر ئەم دیوانەشی کەلەساڵی 1948 بڵاوی دەکاتەوە، لەسەر ئەم دیوانەشی دەستگیر دەکرێ، بەڵام بەهۆی فشارەکانی یەکێتی نوسەرانی عێراقەوە بە کەفالەت ئازادی دەکەن و دیوانەکەی قەدەغە دەکرێ.

حسين مەردان زمانێکی تایبەتی هەبووە لەوێناکردنی جوانی وەسفی ژند دا. بەجورێک دەقە شیعریەکانی پانتاییەکی فراوانی داگیرکردوە بۆ تایبەتمەندێتی و ناسکی ژن ، لەگەڵ ئەوەی حسين مەردان نەیتوانی خێزان پێکبهێنێ ، بەڵام لەناوەوەی خۆیدا بۆ ژن دەسووتا، دەبووە چرای ڕووناکی بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەیی و جوانی ژن.

حسين مەردان لە... بۆ لاپەڕە...16


# چەند کورتە شیعری: خالید بایەزیدی (دلێر)



کە ڕۆیشتی
پەنجەرەی تەنیایی ماڵەکەم
سواخ ڕێژ کرد
تاکوو هیچ کات
بەرەو کوڵانی بەهار نەکرێتەوە
..............................................
سەرماو سوڵ
وەها جەستەمی
داگیر کردووە
کە هەرگیز...!
درەختە پشکوەکان
نیگاکانم
ناکەنە بەهار
..............................................
لە وڵاتێك دەژیم
کە ڕۆژ بە ڕۆژ
بەهای خوێن دادەبەزێت
وە نرخی نانیش لە بەرزبونەوە
ئاخۆ دەبێ...
ئەمڕۆ خوێنەکەم
بەشی نانی ماڵ و مناڵەکانم بکا ؟
ئاخر هەواڵەکان دەڵێن:
نان ئەوەندە بەرز بۆتەوە

گەیشتووتە لوتکەی مەرگ
ژنێك
بەدەست نێرەپیاوێك
خەڵتانی خوێن کرا
گوڵێکی سوور
بە بەرۆکی بەهار
سیس بوو
مانگ پشتی قەموور بووە
ئەستێرەیەکیش
بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕوکا
کۆترێکی سپی گریا
بەهاریش دەستێکی لەسەر
شانەکانی داناو وتی:
بە کوشتنی گوڵێك
هەرگیز!
کۆتایی بە بەهار نایە
..............................................
شەم شەمە کوێرەکان
ژن دەکوژن
تاکوو جیهان پڕ بێ لەتاریکی
بەڵام نازانن
کە مانگ و ئەستێرە و خۆر
هەرگیز ناکوژرێن

# خۆڵەمێش



خۆڵەمێش
من دەمێکە
پشکۆی حەزم
بووە بەخۆڵەمێش
و
چرای چاوەڕوانیم
کوژاوەتەوە

دەمێکە
ئینجانەی بەختم
درزی بردووە
و
درەختی هیوام
براوەتەوە

دەمێکە
گۆزەی خۆزگەکانم
ورد و خاش بووە
و
چۆڵەکەی ئامێزم
بێ نازکەوتووە

دەمێکە
جەستەی خەونەکانم
لەخاچ دراوە
و
کاژێری تەمەنم
لەکار کەوتووە



# مێژووی دەسەڵاتی سیاسی یەكێتی و پارتی لە كوردستان

نووسینی: عوسمان محەمەد

## بەشی سێهەم و كۆتایی

لە سەرەتای شەستەكاندا بزووتنەوەی چەكداری بە ڕابەرایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و مەلا مستەفا بارزانی سەری هەڵدا، هەر لە ساڵەكانی یەكەمدا و دوای جێگیركردنی بنكە و بارەگاكانیان، سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان دەسەڵاتێكی ئەوتۆی بە سەر حیزب و بزووتنەوەكەدا نەما، هەر ئەندامێكی سەركردایەتی لایەنگری تەواوی بۆ مەلا مستەفا نەبوایە ئەوە پشت گوێ ئەخراو بە قەد پێشمەرگەیەك دەسەڵاتی نەبوو، هەرچی بڕیار و بڕیارنامە هەبوو ئەوە لە بارەگای بارزانیەوە دەرئەچوو، كۆنەپەرستی سیاسی ئەوەندە زاڵ بوو بەسەر بزووتنەوەكەدا كە سەدەها كاری دژە ئینسانی و قێزەوەنیان ئەنجام ئەدا، چەندین سەركردەی كوردی ئێران و توركیایان كوشت و ڕادەستی ساواك و میتیان ئەكردەوە، تەنانەت سەركردەیەكی كوردی لبنان كە ناوی جەمیل محۆ بوو چەند ساڵ لە زیندانی دەزگای پاراستن هێشتەوە، فاخر مێرگەسووری و براكانی و باوكی كە لە زیندانی ڕایات بەند كرا بوون و خزمی نزیكی مەلا مستەفا بوون، دوای ئاش بەتاڵ هەموویانی گوللە باران كرد و بە تەنها بە دەلیلی ئەوەی كە ڕای سیاسی جیاوازیان هەبوو، تەنانەت دوو كوڕی خۆی كە عوبەیدوڵا و سابیر بوون لەسەر مەسەلەیەك كە تا ئێستایش هۆكارو بەهانەكان نادیارە، بارزانی كەوتە دژایەتی كردنیان و ئەوانیش زانیان مەلا مستەفا ئەیانكوژێ ڕایان كرد بۆ بەغداد و دوای ماوەیەك ڕژێمی بەعس هەردوكیانی سەرنگوم كرد.

ئەم كار و كردەوانەی پارتی و بارزانی، مشتێكە لە خەرواری ئەو تاوانانەی كە لە مێژووی دەسەڵاتیاندا پەیڕەویان كردووە، لەم بارەوە چەندین كتێب لەسەر ڕێڕەوی سیاسی كار و كردەوە دژی ئینسانیەكانیان لە كتێبخانەكانی كوردستان بەردەست ئەكەوێ.

ئەوەندەی بۆ یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئەگەڕێتەوە وابزانم پێویست بە لێكۆڵینەوەیەكی قوڵ و هەمەلایەنە ناكات، بۆ تێگەیشتن لە تاوانەكانی ئەم حیزبە سیاسیە، بەشێك لە كادر و ئەندامانی سەركردایەتیان شەرحی حاڵی حیزبەكەی خۆیان كردووە، ئەگەر كەسێك بیەوێ لەو مێژووە تێبگات ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە.

ئەوە چەندین جاریشە مەلا بەختیار پەردە لەسەر ئەو تاوانانە لا ئەدات كە لە مێژووی یەكێتی ڕوویداوە، چەندین جار پێشمەرگە و كادری بێ تاوانیان كووشتووە، تەنانەت چەندین پیلانی نەخشە بۆ داڕێژراویان بۆ لە ناوبردنی ئەو ڕابەرانە داڕێژاوە، هەر لەبەرئەوەی نەیاری سیاسی سەركردەیەك بووە، لە دووتوێی ئەو كتێبانەدا چەندین چیرۆكی دڵتەزێن و خیانەتكارانە جێبەجێ كراوە، كە خۆشیان بەشێك بوون لەو سیاسەتە دڕندانە و دژی ئینسانیە، ئەمانە هیچ كات خەباتیان بۆ لابردنی ستەمی میللی نەكردووە لە هیچ قۆناغێكی مێژوویدا، گرنگترین ستراتیژیان ئەوە بووە كە فشار بخەنە سەر ڕژێمەكانی عێراق بۆ ئەوەی مل بدات بە هەندێ دەستكەوتی ئابووری و سیاسی بۆ ناسیۆنالیزمی كوردی، ئیتر خەڵك چۆن ئەژی چۆن ژیان ئەگوزەرێنێ و كەموكوڕیەكانی چییە ئەوە كێشەی ئەم ڕابەرە كوردیانە نەبووە، لەم مێژووە درێژەدا هەڵوێستێكی سیاسی كۆمەڵایەتی نابینی كە ئەمانە بەرگریان لە مافەكانی خەڵكی كوردستان كردبێ، تەنانەت لە ناو خۆشیاندا كە لە شاخیش بوون لەسەر پانتایی دەسەڵاتیان ئامادە بوون هەزاران كەس بە كووشت بدەن بۆ ئەوەی هەنگاوێك گەورەتر دەسەلات بە دەستیان بێت، ئەمانە پڕ بە دڵ شەیدای دەسەڵات و دەستكەوتی ئابوورین، نەك بۆ خەڵكی كوردستان، بەڵكو بۆ چینی بۆرژوازی و ناسیۆنالیستی كوردی، ئەو زیاتر لە سی ساڵە لە كوردستان دەسەلاتیان بە دەستە، ئەوەی لەم سی ساڵەدا بەسەر خەڵكدا هاتووە كەم وێنەیە، یەكێك لە ئابروبەرترین شتێك ئەوەیە كە لە زیندانی سیاسی دا ڕوو دەدات، تێكۆشەرانێك كە لەسەر یەكێتی و پارتی زیندانی كراون، ئازارو ئەشكەنجە دراون، چەندین ساڵ لە تەمەنی لاویان كردووەتە قوربانی ئەم دەسەڵاتە، كەچی هەر ئەو هاوڕێیەی كە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمە و مووچەكەی لەسەر حكوومەتی ناوەندە 1500000 بەڵام لە هەریم هاوریەكانیان 500000 موچەیانە .

قسەكردن لەسەر یەكێتی و پارتی ڕەنگە زیادە بێت، چوونكە لە ماوەی سی ساڵی ڕابوردوودا كار و كردەوەی ئەم حیزبانەتان بە گۆشت و ئێسقان و خوێنەوە بینیوە، ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵكیان ڕەزیل و هەژار و بێدار كردووە خۆیان و داروودەستەكانیان لە خۆشترین ژیانی شاهانەدا ئەژین، بەهەموو شێوەیەك گیرفانی خەڵكیان تەكاندووە و خۆشیان ململانێ لەگەڵ ملیاردێرەكانی جیهان ئەكەن.

هەموو ئەم كارە قێزەوەن و دڕندانەیە هەڵقوڵاوی سوونەتی ناسیۆنالیستی و كوردایەتییە، چوونكە ئەزانن خەڵك گیرۆدەی ئەو وشەیەن و فریو ئەخۆن پێی، دوو سەد ساڵە ئەم وشەی كوردایەتی و كوردی ڕەسەن و ڕاستەقینە لە مێشكی خەڵكدا ئەچەسپێنن، هەوڵ ئەدەن كە سۆزی خەڵك بەو وشەیە بە لای خۆیاندا ڕاكێشن كە تا ڕادەیەكیش كردوویانە بۆ بەرژەوەندییە سیاسیەكانی خۆیان.

### ئەو حیزبەی كە وەك ڕزگاركەری خەڵك خۆیان ناساندووە لە مێژووی 60 ساڵی ڕابەریدا

لە ساڵەكانی سەرەتای 1961دا لە ژێر فشاری مەلا مستەفا پارتی ناچار كرا كە ئەبێ هێزی چەكدار دروست بكرێ و ڕووبەڕووی ڕژێمی عێراق ببێتەوە، بۆ ئەوەی مل بە ئۆتۆنۆمی بدات، ئەم شەڕە چەكدارییە چەند ساڵ بەردەوام بوو، مەلا مستەفا باڵادەست بوو بەسەر گشت دەسەڵاتی بزووتنەوەكەدا و گوێی بە بڕیار و كردارەكانی كۆمیتەی ناوەندی و مەكتەبی سیاسی نەئەدا، تا كار گەیشتە ئەوەی كۆمەڵێ لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و مەكتەبی سیاسی جیا ببنەوە و حیزبێكی تازە دروست بكەن بە ناوی پارتی شۆڕشگێڕ، بەڵام مەلا مستەفا ڕێگەی پێ نەدان كە چالاكی سیاسی و سەربازی بكەن لە كوردستان ئەوانیش لە ژێر فشاری مەلا مستەفا تەسلیم بە ڕژێمی عێراق بوونەوە، بە ناوی مافی لامەركەزی و مەقەڕاتیان لەهەموو شار و شارۆچكەكانی كوردستان دروستكرد، ڕابەرایەتیەكەشیان لە بەغدادی پایەتەخت جێگیر بوون، ئەمانیش بە هیچ جۆرێك لە مەلا مستەفا باشتریان نەكرد، كەوتنە ڕاوی لایەنگرانی پارتی دیموكراتی كوردستان و دڵەڕاوكێیەكی زۆریان لە كوردستان دروست كرد، كەوتنە ململانێی توند و چەكداری لەگەڵ پارتی و حیزبی شیوعی لە شاخ و شارەكان.

ئەگەرچی پارتی شۆڕشگێڕ هەندێ كادری ڕادیكاڵی تێدا بوو جیاوازیان هەبوو لەگەڵ كادرانی پارتی دیموكراتی كوردستان، بەڵام سەرئەنجام خەڵكی كوردستان ئەوانی وەك پیاوی ڕژێمی عێراق لە قەڵەم ئەدا و ئەمەش وایكرد بوو كە قسە و باس و سیاسەتیان نەتوانێ كۆمەڵایەتی بێتەوە، ئەو جیاوازییە سیاسیەی كە باسیان ئەكرد لەگەڵ پارتی نەیتوانی ببێتە بەشێكی كەمی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵكی كوردستان.

پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان لە ساڵی 1970 پارتەكەی حەل كرد، بەڵام لە هەناوی ئەم پارتەوە كۆمەڵەی ماركسی لێنینی دروست بوو لە ماوەیەكی زۆر كەمدا توانی جێگای خۆی بكاتەوە، خەڵكانێكی ڕۆشنبیر و ماركسیست لە دەوری گرد و كۆ بوون، خەڵكی كوردستان ئومێدی زۆریان بەم ڕێكخراوە هەبوو، كە ئاوات و ئارەزووەكانیان بەدی بهێنێ و لەو مەینەتیەی كە بە سەریاندا هاتووە ڕزگاریان بكات، بەڵام هەر زوو باڵی ڕاست و ناسیۆنالیست توانی باڵ بكێشێ بە سەریدا و ڕابەرایەتیەكەی بگرێتە دەست و هەرچی كادری ماركسیستی هەبوو چی بە كووشتن و لە ناوبردن و چی بە ڕاوەدوونانیان توانیان پاشەكشە بە باڵی چەپ بكەن، ئەو ئومێدەی كە خەڵك هەیبوو توانیان لەباری بەرن، هەر لە هەناوی ئەم ڕێكخراوە جیابوونەوە ڕوویدا و باڵێك دروست بوو بە ناوی ڕێكخراوی ڕەنجدەرانی كوردستان هەرچەند ئەم ڕێكخراوەش لە باری سیاسی و بەرنامە و كاركردیانەوە جیاوازیان نەبوو لەگەڵ كۆمەڵەی ماركسی لینینی، بەڵام باڵی ڕاستی كۆمەڵە و یەكێتی نیشتمانی كوردستان توانی بە نەخشەیەكی لە پێشدا بۆ داڕێژراو ئەم ڕێكخراوەش لە ناو بەرن.

دوای لە ناوبردنی ئەو ڕێكخراوە ناوی كۆمەڵەی ماركسی لینینیان گۆڕی بۆ كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و لە ساڵی 1992 بە تەواوی كۆمەڵەیان توانەوە لەناو یەكێتی و ئیتر ئاسەواری ئەویشیان نەهێشت، كەسیش لەم كردەوەیە بەرهەڵستی نەكرد، چوونكە كادری ماركسیان لە ناو ڕێكخراوەكە نەهێشتبوو، دوای ساڵی 1991 كە ئیتر ئەحزابی ناسیۆنالیستی دەستی گرت بەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە كوردستان، هەر زۆر زوو كەوتنە بەر نەفرەت و بێزاری خەڵك، هەر لە كاتی بەرەی كوردستانیەوە ئەو بێزاریە دەستی پێكرد و ئیتر تا ئەهات ڕووی توڕەیی خەڵك لەسەر بوو هەر ئەو كاتە خەڵك شیعاری ئەوەی ئەوتەوە (ماست و پەنیر و كەرە..سەدام باشترە لە بەرە) نارەزایەتییەكان تا ئەهات توندتر ئەبووەوە، بەڵام شتێك كە ببوە ڕێگر لەبەردەم خرۆشانی خەڵكدا ئەوە بوو كە سوپای عێراق لە سنوورەكانی كوردستان جێگیر كرابوون، بۆ هەر خرۆشانێكی جەماوەری ئەوان ئەیانتوانی هێرش بكەن و جارێكی تر كوردستان داگیر بكەنەوە ئەم سوپایە مۆتەكەیەك بوو لە دەست و پێی خەڵكی كوردستانی بەستبوو، ئەم هەلومەرجەش تا ساڵی 2003 درێژەی كێشا.


دوای ساڵی 2003 و ڕوخانی ڕژێمی دڕندەی بەعس بە ڕابەری ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی، ئەمانە هەلومەرجێكیان دروست كرد پرۆژەیەكی زۆریان كردەوە كە بەشێكی زۆر لە خەڵكی كوردستان سوودی زۆریان بینی، بە كوردیەكەی دەمی خەڵكیان چەور كرد، وایان كرد كە بەشێكی زۆر لە نارەزایەتیەكان كەم بێتەوە، بەڵام ئەمەش زۆر درێژەی نەكێشا و توڕەیی خەڵك جارێكی تر دەستی پێكردووە بە توند تر، كار گەیشتە ئەوەی كە مەترسی لەسەر دەسەلات دروست بكات، لەم كاتەدا بزووتنەوەی گۆڕان بە ڕابەری نەوشیروان مستەفا دروست بوو، خۆیان وەك حیزبێكی سیاسی ڕزگاركەری خەڵك نیشاندا و سواری شەپۆلی نارەزایەتیەكان بوون، توانیان 25 كورسی پەرلەمانی بە دەست بێنن، بەڵام دواتر بوون بە بەشێكی لە دەسەلات و هاوشانی یەكێتی و پارتی كێكی دەسەڵاتیان بەش كرد لە نێوان خۆیاندا.

هەر دوای چەند ساڵێك كە خەڵك لە سیاسەتەكانیان ئاشنا بوون، لە دوا هەڵبژاردندا نەیانتوانی تەنها یەك كورسیش بە دەست بهێنن.

ئەمانە هاتن و بە خەڵكیان وت ئێمە بزووتنەوەیەكی كوردی ڕەسەنین دەسەڵاتداری بە واتای ڕزگاری ئێوە، ئەمان نەك خەڵكیان ڕزگار نەكرد خۆشیان توانەوە، چونكە ئەمانیش سەر بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی كوردین، ئیشیان ئەوە نییە خەڵك لە چەوسانەوە ڕزگار بكەن، ئێستا هەمان سیناریۆ بۆ هەمان فلیمی تراژیدی خەریكە لە لایەن نەوەی نوێ وە دووبارە ئەبێتەوە، خەڵكیش تا ڕادەیەك ئومێدی پێیانە، بەو دەلیلەی لە هەڵبژاردنەكاندا 9 كورسی پەرلەمانیان بە دەست هێناوە، ئەمیش بە جۆرێكی تر وە بە شێوازێكی تر هەمان سیاسەتی یەكێتی و پارتی و گۆران درێژە پێئەدات لە ئەنجامدا ئەبێ بەشی زۆر خەڵكی كوردستان چەوساوە بێت و بەشێكی كەمیش چەوسێنەر، چوونكە پێكهاتەی نەوەی نوێ لەسەر بنەمای چەوسانەوەی هێزی كار دروست بووە، ناتوانێ لەم پرەنسیبە سیاسیە لا بدات، ناتوانێ ڕەخنەی ڕیشەیی لە سیستەمی سەرمایەداری بگرێ و كاتێ كە ئەمەشی نەكرد هەلومەرجەكە وەك خۆی ئەمێنێتەوە و درێژەی ئەبێت.

لانی كەم لە مێژووی 60 ساڵی ڕابووردوودا دەیان حیزب دروست بووە كە سەر بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی كوردی بوون، بەڵام بەشی خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێش تا هاتووە ناخۆش تر بووە دەردەسەریەكان و نەگبەتیەكان هەر بەرەو خراپتر ڕۆشتووە، یان لە دڵەڕاوكێیەكی بەردەوامدا بوون یاخود برسێتی و بێكاری تەنگی پێ هەڵچنیون، خەڵكی كوردستان دوای ئەو هەموو دەردەسەریەی كە بە سەریاندا هاتووە ئەبێت بیرێك لە چارەنووسی خۆیان و نەوەكانیان بكەنەوە، لانی كەم ئەوە زیاتر لە نیو سەدەیە هەرچی حیزب و ڕێكخراوی سیاسی ناسیۆنالیستیان تاقی كردۆتەوە، هەر یەكێكیان نەبوونە فریاد ڕەس و ڕزگاركەری خەڵك، ئەبێت سەنگەری خۆیان جیابكەنەوە و لە چوارچێوەی سیاسەتی ناسیۆنالیزم دەربچنە دەرەوە و ڕیزی سەربەخۆی خۆیان ڕێك بخەن و لە شوراكانی خۆیاندا كۆبوونەوەی گشتی فراوان بكەن بۆ هەڵبژاردنی ڕابەرەكانیان لە خوارەوە بۆ سەرەوە، كاتێك دەسەلات ئەكەوێتە دەستی ڕابەرانی خۆیان ئەوكات هەر ڕابەرێك خواستە سیاسیەكانی خەڵكی نەبردە پێشەوە ئەوە بە زۆرینەی دەنگ لای ئەبرین، لەم سیستەمەدا دەسەلات ناتوانێ لەلایەن چەند كەسێكەوە قۆرخ بكرێت و سەركردەی هەتا هەتایی هەبن و كاتێ چارەنووسی سیاسی ئەو ڕابەرانە لە دەستی خۆماندا بێت، هەر یەكێ لەوان بۆ ڕازیكردنی خەڵك ناتوانێ لە ڕێباز و بەرژەوەندی خەڵك لابدات، چوونكە ئەزانێ چارەنووسی ئەوەیە كە بەر نەفرەتی گشتی خەڵك ئەكەوێ و چوارمەشقی دایئەنشێنن و ڕیسوای ئەكەن.

ڕێكخراو بوون لەڕیزی سەربەخۆدا وەك ئاو وایە بۆ ژیانی خەڵك، بۆیە ئەبێ تا درەنگ نەكەوتینە و زەرەری گەورەترمان نەكردووە، خۆمان ڕێكخراو بكەین بۆ ئەوەی چارەنووسی سیاسی خۆمان دیاری بكەین.



# کۆتایی گلۆبالیزم

## ئایا جەنگی ڕوسیا بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا چی بە ئابووری جیهان دەگەیێنێت؟

**نووسینی: ئادەم پۆسن**
**وەرگێڕانی: حەسەن ڕازانی**

لە سێ هەفتەی ڕابردوودا، ئابووری ڕووسیا بەهۆی گەمارۆکانەوە بەرەو دارمان ڕۆیی. دەستبەجێ دوای ئەوەی کرملین هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا، ڕۆژئاوا دەستیکرد بە دەست بەسەرداگرتنی سامانی هەرێ ئەودەوڵەمەندانەی کە لە، پۆتین، سەرۆکی ڕوسیاوە نزیکبوون، فڕینی فڕۆکەکانی ڕوسیایان بەسەر ئاسمانی ئەورووپادا قەدەغەکرد، هەروەها ئابووری ڕوسیایان سنووردار کرد لە هاوردەکردنی تەکنۆلۆجی. لە هەمووی گرنگتر، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سامانی یەدەکی بانکی ناوەندی ڕوسیایان سڕکردو هەروەها نەک هەر ڕوسیایان دەرکرد لە سیستەمی بانکی نامەیی سویفت بۆ ئاڵوگۆڕو گواستنەوەو مامەڵە بە پارەوە، بەڵکو دامەزراوە بنچینەییەکانی دارایی نێودەوڵەتیش کە لە نێوياندا هەموو بانکەکانی دەرەوەو خەرجکردنی نێونەتەوەیی پارەشی گرتەوە. لە ئەنجامی ڕێکارەکانی ڕۆژئاوا لە دژی ڕوسیا بەهای ڕۆبڵ هارەی کرد، کورتهێنان لە تەواوی ئابووری ڕوسیادا دەستی پێکرد، ئیتر حکومەت لەوەدەچێت کە نەتوانێت قەرزەکانی بە دراوی بێگانە بداتەوە. قسەو بۆچوونی خەڵک و ترس لە لێدان بەهۆی گەمارۆکانەوە وای لە خاوەنکارە ڕۆژئاواییەکان کردووە کە بە کۆمەڵ ڕوسیا بەجێبهێڵن. بەو زوانە ڕوسیا وای لێدێت کە نەتوانێت پێویستیەکانی هەم بۆ بەرەنگاری و هەم بۆ بەکاربەرانیش بەرهەم بهێنێت. هۆیەکەشی هەرئەوە دەبێ کە پێکهاتە بنچینەییەکانی بۆ ئەو مەبەستە نامێنێت.

وەڵامی دیموکراتیانەی جیهان بۆ دوژمنکاریەکەی مۆسکۆ و هەروەها تاوانەکانی جەنگ لە جێی خۆیدایە، هەم لە ڕووی ئەخلاقی و هەم لەبەر مەبنای ئاساییشی نەتەوەییشەوە. ئەمەیان گرنگترە لە چالاکی و توانای ئابووری. بەڵام ئەو کردەوانە ئەنجامی خراپیان دەبێ لە ڕووی ئابوریەوە کە لە ڕووخاندنی دارایی ڕوسیا زیاتر پەل داوێت و بەردەوامیش دەبێ و شتێکی باشیش نابێت بۆ ڕوسیا.

لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا دوو مەیل گلۆبالیزمیان لە بەرەودەوامی بەرەوپێش چوون پەکخستووە. یەکەمیان پۆپولیستەکان و نەتەوەچیەکان بوون کە گرفت و تەگەرەیان خستۆتە بەردەم ئازادی بازرگانی، وەبەرهێنان، کۆچبەران، هەروەها بڵاوکردنەوەی بیرۆکەو مەبەست بە تایبەتی لە ئەمریکادا. دووەمیان، بەرەنگاریەکانی چینە لەبەرامبەر یاسا ئابووریەکانی نێودەوڵەتیداو هەروەها ڕێکخستنی پلان و ئامادەکاری درێژماوە لە ئاسیادا لە لایەن چینەوە وای لە ڕۆژئاوا کرد کە ئەوانیش تەگەرە بخەنە بەردەم گەشەو فراوانبوونی ئابووری چین. جا بۆیە ئەو جەنگەی ئێستای ڕوسیا لەگەڵ ئۆکرانیا ئەو داخورانەی گلۆبالیزم خراپتر دەکا. چەند هۆیەکیش لەوبارەوە لەگۆڕیدان. یەکەم: چین دەیەوێت بەشێوەیەکی دیبلۆماسیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو داگیرکاریەی ڕوسیادا بکات بۆ ئۆکرانیا. هەردووک سیستەمی دارایی و ئابووری ڕاستەقینەی چین بە وردی چاودێری گەمارۆکان دەکەن، چونکە دەترسن کە ئەگەربێت و هاوکاری دارایی ڕوسیا بکەن یان پێویستیەکانی پڕبکەنەوە ئەوا لە ڕووی ئابووریەوە تۆڵەیان لێدەکرێتەوە. ئیتر لەوە هەر گەرێ کە چین بیەوێت ڕوسیا لە گەمارۆکان بێنێتەدەر. بۆیە چین کە ئەگەر بە تەواوی نەچێتە پاڵ گەمارۆکان بۆسەر ڕوسیا، ئەوا زیاتر گەشە بە سیاسەتی دژە چینی دەدرێت لە ڕۆژئاواداو لە کۆتاییشدا پەل دەکێشێت بۆ تێکدانی ئابووری چین. دووەمیش: وڵاتان دەترسن کە بکەونە ژێر حەزو ئارەزووەکانی هێزی ئابووری واشنتۆن دوای ئەوەی کە سەرسامی هێزی ڕواڵەتی ئەمریکا بوون. لە ئێستادا لەوانەیە کردەوە ئابووریەکانی ئەمریکا دادپەروەرانە بن، هەروەها ڕەنگە وردە خەتەرێکیش لەگۆڕێدا بێت بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە ئۆکرانیا داگیر ناکەن کە ڕەنگە بخرێنە لا هەڵەکەی سیاسەتی ئەمریکا. بەڵام لە جاری دووەمدا لەوانەیە ئەمریکا زۆرتر بەرەو خۆپەرستی و گۆڕانیش بڕوات.

خاڵی کۆتایی ئەوەیە ئەودارمانەی کە گەمارۆکان بەسەر ئابووری ڕورسیادا دەیهێنن و ئەو بارگرانیەش کە ناوجەرگەی ئەورووپا تووشی دەبێ ئەگەر ڕوسیا وەک پەرچە کردارێک لە بەرامبەر گەمارۆکان گازی سرووشتی و نەوت ببڕێ لێیان، لە وانەیە ئەو بارودۆخە وا لە حکومەتەکان بکات کە پشتبەخۆیان ببەستن و خۆیان بپچڕێنن لە تۆڕی ئابووری نێودەوڵەتی. جا سەیرەکە لەوەدایە کە ئەمە دەبێتە هۆی خۆ لەناوبردن. لاوازبوونی هەر ئێستای ئابووری ڕووسیا نیشانی دەدا کە چەندە سەختە بۆ دەوڵەتێک بە تەنیا مەداربکات بە بێ مامەڵەی ئابووری لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر. سەرباری ئەوەش هەوڵەکانی ڕوسیا بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابوریەوە بتوانێت سەربەخۆبێت وای لێدەکات کە زیاتر گەمارۆی بخرێنە سەر، چونکە ڕۆژئاوا نایەوێت بە هەمان ئەندازەی ڕوسیا لەو بارەوە ریسک بکات. بەڵام دیسان ئەوەش ناتوانێت زۆرێک لە حکومەتەکان بوەستێنێت لە پاشەکشەو خۆخزاندنە ناو قوژبنێکەوەو چاوەڕێی ئەوە بن کە خۆیان بپارێزن ئەویش بەوەی کە بێنەدەر لە ئابووری جیهانی و گلۆبالیزم. بە دڵنیاییەوە پسپۆڕان بۆ چەندین ساڵە باس لەو دابەشبوونانە دەکەن و هەروەها ئەو وڵاتە بچووکانەش کە هەوڵی خۆدوورخستنەوە دەدەن لە گلۆبالیزم سەرکەوتن بەدەست ناهێنن. بەڵام لە ئێستادا وا دێتە پێش چاو کە هەر بەڕاستی ئابووری جیهان بەرەو دابەشبوون دەڕوا بۆ سەر دوو لاو دوو بلۆک. یەکەمیان ڕووی لە چینەوەو دووەمیشیان ڕووی لە ئەمریکایە لەگەڵ زووربەی یەکیەتی ئەوروپا، بەڵام هەمووی نا. لێرەدا هەر کامێکیان هەوڵی ئەوە دەدا کە خۆی جیابکاتەوەو لە کۆتاییشدا هەوڵی لاوازکردنی ئەوەی تریان بدات. بۆیە دەرەنجامەکانی ئابووری جیهانی زۆر ترسناک دەبن. کەواتە پێویستە لەسەر سیاسەتمەدارانی جیهانی درک بەو ترسە بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

## دۆلار خۆی دەگرێت!

سەرباری هەموو ئەو قسانەی کە دەربارەی چەکی ئابووری دەکرێن، گەمارۆکانی سەر ڕوسیا کاریگەر بوون تەنها لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کە ئەو گەمارۆیانەیان خستنە سەر ڕوسیا سەرتاسەری و شێلگیرانەبوون. بۆ نموونە سڕکردنی یەدەکەی بانکی ناوەندی ڕوسیا ئەوکاتە کاریگەریی دەبێ کە ئەگەر زۆرایەتی سیستەمی دارایی جیهان هەمان کار بکەن. کەواتە ئەوە هاوپەیمانانن نەکو دارایی کە بووەتە جێگەی سەرنج. جا لەبەر ئەوەی هاوپەیمانە دژە ڕوسەکان کە پێکدێن لە هەموو دەزگا داراییە زەبەلاحەکان بێجگە لە بانکەکانی چین و هەروەها لەبەر ئەوەی بانکەکانی چینیش نایانەوێت لەو سیستەمە جیهانیە دووربخرێنەوە، کەواتە ئەو گەمارۆ ئابووریانە نابنە هۆی ئاڵوگۆڕی سەرەکی لە سیستەمی دارایی و بانکی جیهانیدا.

ئەو ئابووریانەی کە لە لایەن واشنتۆنەوە هەست بە هەڕەشە دەکەن، ئەو هەڕەشەیە دەبێتە پاڵنەرێک بۆیان کە ئەو کەل و پەل و شتەی هەیانە بیگوێزنەوە بۆ دەرەوەی ئەمریکا. لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم هەڵس و کەوتەی واشنتۆن لە بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری هێزی دارایی، جا ئەگەر واشنتۆن لەو کارەی بەردەوام بێت، ئەوا بۆی هەیە وا لە وڵاتانی تر بکات کە بەدوای جێگرەوەیەکی دۆلارو هەروەها بۆ دۆزینەوەی ڕێبازو سیستەمێکی تری ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی بگەڕێن. بۆیە لە ماوەیەکی درێژدا ئابووری دابەشبووی جیهان لە ژێر هەڕەشەی گەمارۆکاندا ڕووەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، وەک ئەوەی کە ڕوسیا نیشانی دەدا، ئەوەیە کە هەتا دەستبردنیش بۆ یورۆ یان یەنی چینی، یان هەتا زێڕیش بۆ مامەڵەی بازرگانی ڕەنگە هاوکاری دەوڵەتان نەکات کە ئەگەر بێت و بەشداربووەکانی تری بازار لە خۆیان بترسن کە لە بازاڕو سیستەمی دۆلار دووربخرێنەوە. لەبەر ئەوەی لایەنێکی تر نامێنێت کە ئەوان بتوانن شت و مەکەکانیانی پێ بفرۆشن. دراوی دیجیتاڵیش دەبێ بڕیاری خۆی بدات ئاخۆ دەچێتە پاڵ گەمارۆکانەوە یان نا. لە حاڵەتی چوونیدا بۆی هەیە بەکارهێنەرانی دراوی دیجیتاڵ لەدەست بدەن، چونکە ئەوان ئەو دیجیتاڵە وەک چارەسەرێک دەبینن. یان ئەوەتە دراوی دیجیتاڵی مڕاوغە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکات و لەو حاڵەتەشدا لەوانەیە حکومەتەکان هەوڵی دوورخستنەوەی دراوی دیجیتاڵی بدەن یان بەرەو لاوازی بەرن.

دراوی چینی، لە هەوڵدایە کە ببێتە جێگرەوەی دۆلار هەتا ئەگەر بۆ نێو بلۆکی پەکینیش بێت. هەتا چین ڕێ لە خەڵک بگرێت بە ئازادانە سامانەکانیان لە سیستەمی بانکی ناوخۆیی بەرنەدەر، ئەوە سەرمایەگوزارو بانکەکانی ناوەند کە پەیڕەوی لەو سیستەمە دەکەن، کاریگەری هەڕەشەو گەمارۆکانی واشنتۆنیان هەر لەسەر دەبێ. پەکین دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بە جۆرێک بکات کە بتوانرێت دراوی چینی بگۆڕڕێتەوە باشترە لەوەی بە توندی کۆنترۆڵ بکرێت. بەڵام ئەگەر ئەوەش ڕوویدا، لەوانەیە بەهای دراوی چینی بە خێرایی بێتەخوار بۆ ماوەیەکی باش هەروەک لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٦ ڕوویدا کاتێک کە چین بە شێوەیەکی کاتی حیسابی سەرمایەی خۆی کردەوە چونکا بە ملیاران لە خەڵکی کە پارەی پاشەکەوتیان لە ناو چیندا هەبوو بە ناچاری هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بیگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی سوودی زیاتر لە پاشەکەوتەکانیان. بە دڵنیاییەوە چین دەتوانێت بێتە جێگایەکی ئابووری و دراوی باش بۆ دەوڵەتانی بچووک و وڵاتانی داماوو لێقەوماو کە هیچ چارەیەکی تریان نییە. بەڵام ئەو هەوڵەی چینیش بە سوود ناشکێتەوە بۆی، بەڵکو لە کاتی قەیرانی یەکێک لەو دەوڵەتانە ئابووری و دارایی چینیش دەکەوێتە مەترسیەوە.

## بەرەو لێک هەڵوەشان چوون!

داگیرکاری و گەمارۆکان نابنە هۆی گۆڕانکاری دارایی گەورە لە ئابووری جیهان. بەڵام گلۆباڵیزم کە هەر ئێستا ڕووی لە داخورانە ئەو داخوارانە خێراتر دەکا و ئەمەش کاریگەریی ئاشکراو فراوانتر دادەنێ. ئەگەر تێکەولێکەی ئابووری لە نێوان دەوڵەتاندا بەرەو لاوازی بڕوات ئەوا داهێنان و گەشەی ئابووریش ڕوو لە داکشان دەکا. کۆمپانیا و کارگە ناوخۆییەکان هێزێکی زیاتریان دەبێ و دەتوانن داوای پارێزبەندی بکەن. وە لە ئەنجامیشدا داهات و بەرهەمی کۆمپانیای خێزانیش بەرەو نزمی دەڕوا.

بۆ ئەوەی بزانیت ئەمە بۆ وایە، ورد بەرەوە تا بزانی سیستەمی ڕێکخراوی جوولەی بازرگانی (سەپلای چەین) چی بەسەردێت. لە ئێستادا، سەرچاوەی لۆجستی و تێچوونی زوربەی کۆمپانیا پیشەسازیەکان و تاکفرۆشەکان پشت بە یەکێ یان کۆمەڵێک شوێن دەبەستێت. وەختی خۆی یەک لۆژیکی بەهێزی ئابووری هەبوو کە بەو ڕێبازە سیستەمی ڕێکخراوی جوولەی بازرگانیی جیهانی پێکدەهات. ئەوان بەو کارە نەک هەر توانیان لە تێچوو کەم بکەنەوە و ئەویش بە هاندانی کۆمپانیاکان و کارگەکان ڕووەو تایبەتمەندی هەنگاو بنێن، بەڵکو ئەمە بووە هۆی زیادبوونی بەرهەم و خستنە بازاری ناوخۆوە. بەڵام بە تێفکرین لە بارودۆخی جیۆسیاسی و بابەتی ئەو پەتایە، لەوانەیە ئیتر ئەو بەها جیهانیانە هیچیتر ئەو گرنگیەیان نەمێنێ کە ریسک بکرێت بە پشتبەستن بە شوێنە خنکاوەکان. بە تایبەتی کە ئەو شوێنانە لە ڕووی سیاسیەوە جیگیر نین یان ناتوانرێت پشتیان پێببەسترێت. کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان بە هاوکاری حکومەت دەتوانن دڵنیایی بدەن لە بەرامبەر کێشەو گرفتەکان ئەویش بە درووستکردنی سەپلای چەینی زیاتر لە شوێنی ئەمینتر و سەلامەت تر. ئەمەش وەک هەر کۆمپانیایەکی دڵنیایی وایە کە دڵنیایی پاراستن دەدات لە کاتی هەر زیان لێکەوتنێکدا. بەڵام ئەمە تێچوونێکی ڕاستەوخۆیەو نابێتە هۆی دەسکەوتی ئابووری دەستبەجێ.

لە هەمان کاتدا ئەگەر بێت و کۆمپانیاکانی چین و ئەمریکا لە بەرامبەر یەکتردا نەکەونە پێشبڕکێ یان لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەر بە یەکێکێک لەو دوو بلۆکە، لەوانەیە بەرهەم ڕوو لە کەمی بکات و لەوانەشە بەکارهێنەران ئەو جۆرە باشە و فرەیەی کە ئێستا دەستیان دەکەوێت لە بەرهەم ئەو کات دەستیان نەکەوێت. جا کاتێک ئەو بەکارهێنەرە حکومەت خۆی دەبێت، ئەوە ئەو کات زۆر ڕێی تێدەچێت کە کۆمپانیا پارێزراوەکانی ناوخۆ تێوەگلێن لە فێڵکردن و گەندەڵی و بەفیڕۆدان، لەبەرئەوەی پێشبڕکێ بۆ کڕینی بۆندو کۆنتراکتەکانی دەوڵەت کەمتردەبێتەوە. هێنانەگۆڕێی نەتەوەچیەتی و ترس لە هەڕەشەکانی ئاساییشی نەتەوەیی، وادەکا ئەو جۆرە کۆمپانیایانە کە خۆیان نوغرۆی نیشتیمان پەروەری بکەن و تا ئەوپەڕیش بڕۆن هەتا دەگاتە بانک، چونکە پێیان وادەبێ کە بەوشێوەیە لە ڕووی سیاسیەوە هێندە گەورە دەبن کە نەکەون. ئیتر هۆیەک هەیەو دەبێ کە بۆچی کۆمپانیا داخراوەکان زیاتر گەندەڵی دەکەن.

## جیهان گەشەسەندن و داهێنانی کەمتر بەخۆوە دەبینێت!

هەرلە ئێستاوە شیکەرەوان دەتوانن ئەوشتە بە واقیعی ببینن لەو ئیلتیزامات و قسە نیشتیمانپەروەریانەی کە لە لایەن جۆ بایدن و ترەمپەوە

دەکـران دەربارەی ئەو کارگەو کۆمپانیایانەی کە هی ئەمریکان و لە دەرەوەی ئەمریکا بەرهەم دەهێنن. دەیان گوت دەبێ بهێنرێنەوە بۆ... ناو ئەمریکاو جێگەکەی خۆیان. ئەوان ئاساییشی نیشتیمانی و شانازی پێوەکردنی بە کاردەهێنن بۆ پاساوی ئەو سیاسەتانەیان کە بریتیە لە فێڵکردن لە هەردووک دیفاعی نیشتیمانی و هەروەها لە سەروو ٨٥٪ی کرێکارانی ئەمریکا کە لە پیشەسازی قورسدا دانەمەزراوون. پەسند کردن و بەچاکتردانانی بەرهەمی ناوخۆیی لەبەرامبەر بازرگانی پێشکەوتووی ئەو دیو سنوور لە ڕووی خزمەتگووزاری و تۆڕەکانەوە شتێکی سەیروجێی گاڵتەیە کە پێت وابێ ئەوە خزمەتگوزاری و تۆڕەکانن کە بە ڕاستی ڕۆژئاوای بەسەر ڕوسیادا زاڵکردووە لە بابەتی سەپاندنی گەمارۆکاندا و هەر ئەوەشە کە وای لە چین کردووە کە نەتوانێ ڕوسیا ڕزگار بکات.

هەر بە هەمان شێوە، داخورانی گلۆباڵیزم ئەنجامی خراپی دەبێت بۆسەر تەکنۆلۆجی. چونکە ئەگەر بێت و بەهرە زانستیەکان لە ڕووی جیهانیەوە لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕی فکربکەن و هاوبەشی بکەن لە ڕەتکردنەوەی چەمکێکی زانستی یان سەلماندنی، داهێنان خێراترو بەربڵاوتر دەبێت لە جیهاندا. بەڵام لێرەدا هۆیەکی سیاسی سەرنجڕاکێش هەیە کە دەوڵەتەکان هەوڵبدەن وە دڵنیا بن کە تەنها دەبێ هاوپەیمانەکانیان بتوانن دەستیان بە تەکنۆلۆجی ئەوان ڕابگات هەتا ئەگەر بێت و سنووردارکردنەکانیش پەیوەندیەکی گوماناوی بە سوپاوە هەبێت. چونکە ئەوەتە لە ڕێگەی سیخوڕیکردنی ئەلەکترۆنیانە ئاسانە کە کەسێک بتوانێت دەستی بە دیزایینێکی تەکنۆلۆجی ڕابگات. جا ئەمەش زۆر گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت کە ببێتە پاشەکشە لە داهێناندا. هەروەک چۆن دەزگاو پەیمانگا زانستیەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمریکاو ڕۆژئاواش خۆیان بێبەش دەکەن لە خوێندکارو زانایانی چینی و ڕوسی.

داخورانێکی زۆر لە گلۆباڵیزم کاریگەری خراپی لەسەر سوودی سەرمایە دەبێت لە ئابووری جیهانیدا و هەروەها بە هەمان شێوەش دەیبێت لەسەر هەر یەکێک لە لایەنەکانی تری ئابووریدا. ئیتر لێرە بەدواوە کۆت و بەندی تازە دادەنرێن لە هەر شـوێـنـێـک کە خەڵـک بـیـانـەوێـت سەرمایەکانیان بخەنەگەڕو ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزیـنـی فـرەیـی و ڕێـژەش لە سـوودو بەرهەمەکان. ترس و نەتەوەچیەتی لەوانەیە حەزو ئارەزووی خەڵک زیاتر بەلای ئەوەدا بەرێ کە لە پێناوی سەلامەتی سەرمایەکانیان بێن لە نێو وڵاتی خۆیان ولەگەڵ حکومەتی خۆیان و یان لەگەڵ ئەو شوێنەی کە پشتی بە ئـاسـایـیـشـی کـەرتـی گـشـتـیـەوەیە بـخەنەکار. هەروەها حکومەتەکانیش بابەتی ئاساییشی نەتەوەیی و بابەتی جێگیکردنی داهات و دارایی بەیەکەوە گرێدەدەن و هانی هاوڵاتیان دەدەن کە لە نێوخۆداو مامەڵە لەگەڵ نێوخۆدا بکەن بە تایبەتی لە کاتی جەنگەکاندا.

## پەیوەندی کیشوەرییانە

بۆ یەکیەتی ئەوروپا دابەشبوونی گلۆباڵیزم سوودێکی ئابووریانەی هەیە کە ناچاری دەکات لە ڕووی ئابووریەوە زیاتر یەکتر بگرێت و پشت بەخۆی ببەستێت. ئەوەتە لە کێشەی کۆچەبەرانی ئۆکرانیادا کە بەرەو پۆڵۆنیا و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ڕادەکەن، تەواوی یەکیەتی ئەوروپا بە یەکەوە شان دەدەنە بەر کێشەکەو سەرچاوەکانی داراییان بە هاوبەشی بەکاردێنن. بۆیە لە جیاتی ئەوەی خەرجیەکان لەسەر ئەرکی یەک دەوڵەت بێت، یەکیەتی ئەوروپا بە تێکڕایی ئەرکەکەی لە ڕووی دارایی و لۆجستیەوە دەگرێتە ئەستۆ. جا لەمەودوا لەوانەیە یەکیەتی ئەوروپا، یان زۆنی ئەوروپا، زۆر یاسای ئابووریانەی تریش لەو بارەوە دەربکات کە بۆی هەیە واوەتر بڕواو سوودی بۆ ئابووری جیهانیش هەبێ. بۆیە داگیرکاری ڕوسیا بۆ ئۆکرانیا ئەوڕاستیە دەچەسپێنێت کە ئەمە جیهانێکە لە ڕووی ئابووریەوە نزمەو سەرمایەدارانیش پێویستیان بە شـوێـنـێـکـی وا هەیە کە دڵـنـیـا بـن لە سەرمایەکەیان. لەو ڕووەوە ئەوروپا، یان زۆنی ئەوروپا، دەتوانێت هەستێ بەو ئەرکەو دڵنیایی بداتە خەڵک کە نەترسن لەوەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە زۆنی ئەوروپادا و ببینن کە شوێنێکی جێگیرە بۆیان.

یەکیەتی ئەوروپایەکی بەهێزتر هەلی تازە دەرەخسێنێت بۆ گەشەسەندن. نزیکەی هەموو ئەندامێکی ئەوروپا کە ئەڵمانیا سەرپەرشتی دەکا بە سەرۆکایەتی ڕاوێژکارەکەی ئولاف شۆلز، پابەندبوونی خۆی ڕاگەیاندووە بۆ زیادکردنی نەفەقە وخەرجی سێکتەری بەرگری و زیاتر کـردنـی بەشـداری کـەرتـی گـشـتـی لە سەرمایەگوزاری، ئەوەش وا دەکا کە کیشوەری ئەوروپا لەسەر پێی خۆی بوەستێ و کەمتر پێویستی بە سوتەمەنی سرووشتی ڕوسیا هەبێ. هەردووک لایەنی سەرمایەگوزاری تایبەتی و گشتی وا دەکا کە ئەوروپا هیچی تر چاوی لەدەستی ئەمریکاو چین نەبێت بۆ ئەوەی گەشەبکا؛ زیادکردنی پاڵنەرێکی تر بۆ ئابووری جیهان وا دەکا کە بەرزی و نزمی لە جووڵەی ئابووریدا ڕابگرێت و هەروەها جیهانیش لە بەرامبەر قەیرانە داراییەکاندا بە جێگیری ڕابگرێت. هەروەها گەشەکردنی خێرای ئابووری وا دەکا کە هەڵاوسان لە دارایی و قەرزەکانی دەرەوەدا ڕوونەدات هەروەک کە ڕوویدا کاتێک کە ئەڵمانیاو وڵاتەکانی تری ئەوروپا بەرهەمی زیاتریان ناردە دەرەوەو شکستیشیان لە ساغکردنەوەیدا هێنا.

ئەو دەستپێکانە یارمەتیدەر دەبێن بە تایبەتی بۆ خـودی زۆنـی ئەوروپـا. یەکـێـک لە هـۆ سـەرەکـیـەکـانـی قـەیـرانـی یـورۆ یەک دەیە لێرەوپێش بریتیبووە لە تێکچوونی باڵانس لە نێو ئابووری ئەوروپادا کە بە هۆی سیاسەتی دەست پێوەگرتن وسک هەڵگووشینی ئەڵمانیاوە تووشی بووە. بە زیادبوونی داواکاری ناوخۆی ئەڵمانیا، ئەندامانی ئەوروپا لەبەشی خواروو دەتوانن خۆیان ڕزگارکەن لە بەشێک لە قەرزەکـانـیـان لە ڕێـگـەی زیـادکـردنـی ناردنەدەرەوەی بەرهەمەکـانـیـان لە جیـاتـی کەمکردنەوەی هەقدەست و زیادکردنی هێنانی بەرهەم لەدەرەوەڕا بۆ ئەوەی بـتـوانـن ئەو پارەیەی لەسەریانە بیدەن. ئەمەش دەبێ ببێتە هۆی بەهێزکردنی توانای یورۆ کە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، بە هەمانشێوە دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشـانـی ئەنـدامـی نـوێـی تـر لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو هەروەها بەڕێوەبەرانی یەدەک لە جیهاندا. یورۆیەک کە لەناوخۆدا کەمترتووشی گرفت ببێت هەر بەرزدەبێت و بەهاکەشی جێگیردەبێت. ئەمەش لەبەرامبەردا دڵەڕاوکێی ئابوری و بازرگانی لەگەڵ ئەمریکادا کەم دەکاتەوە.

## ڕاستییەکی تاڵ

بەداخەوە هێرشی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا کەمتر هـاوکـارە لەگەڵ ئەو وڵاتـانەی کە لە گەشـەسـەنـدان. ئەوەتە هەر لە ئـێـسـتـاوە بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری نرخی خۆراک و وزە تەنگی بە هاوڵاتیانی وڵاتە هەژارەکان هەڵچنیوەو داروخانی ئابووری جیهانیش کە وا بەڕێوەیە خـراپـتـر دەبـێـت. ئەگەر وڵاتـانـی کەمدەرامەت ناچاربکرێن کە دەبێ لایەک هەڵبژێرن کە هاوکاری لێ بەدەست بێنن و سەرمایەگوزاری لەگەڵدا بکەن ئەوا شانسی ئەوکارەیان لەگەڵ کەرتی تایبەتدا کەمتر دەبێ. ئەو کۆمپانیایانەی کە دەکەونە چواچێوەی ئەو وڵاتانەوە وایان لێدێت لە دەرەوەو لە ناوەوە زۆرتر پشت بە حکومەت بەستن. جا ئەگەر بێت و ئەمریکا و وڵاتەکانیتر گەمارۆ زیاتر بەکاربێنن، ئەوا ئەو کۆمپانیایانە لەوانەیە کەمتر بتوان لەگەڵ ئەو ئابووریانەدا سەرمایەگوزاری بکەن. بۆیە کۆمپانیاکانی فرە ڕەگەز کە لە حاڵەتی دڵەڕاوکێدان دەیانەوێت لە ئەمریکا دووربکەونەوە، چونکە نایانەوێت لە گەڵ لایەکدا سەرمایەگوزاری بکەن کە ناڕوون بێت و نەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.

جا هەرێ ناخۆشیەکەی ئەم جەنگە بەشێکی لەوەدایە کە لە سەردەمێکدا هەڵگیرسا کە جیهان بە شێوەیەکی یەکسان وەڵامی نەدایەوە بە کۆڤید–١٩ و هەروەها ئەو دەوڵاتانەی کە داهاتیان بەرزە بەشی پێویست لە ڤاکسینیان نەداو نەنارد بۆ وڵاتە کەم داهات و هەژارەکان. ئەو پشتگوێخستنە سیاسیەی وڵاتە زلهێزەکان لەبەرامبەر وڵاتانی هەژارو دواکەوتوودا لە ڕووی واقیعیەوە دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی ئابووری لە سەرئاستی جیهان. ئەوەش بەهانە دەداتە دەست سێکتەری تایبەتی کە سەرمایەگوزاری لەو وڵاتانەدا نەکات. تەنها چارەو ڕێباز بۆ هاتنەدەر لەو بازنەیە لە ڕێی سەرمایەگوزاری کەرتی گشتیەوە دەبێ و هەروەها جێبەجێکردنی مامەڵەیەکی دادپەروەرانە. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە دابەشبوون لە نێو ئەو ئابووریە گەورانەدا وا لەو جۆرە سەرمایەگوزاریانە بکات لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا کە کافی نەبێت و نەتوانرێت پشتی پێیببەسترێت و هەروەها لەوانەیە بە شێوەیەکی تەعەسوفیانە جێبەجێبکرێت.

هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بە تەنها هاوکاری کردنی ئابووریە هەژارەکان وەک ئامانجی گەشەکردنی ماوەدرێژ ناخاتە خەتەرەوە. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن، وا پێویست دەکا لە سەریان کە گۆڕانی کەش و هەوا سوک بکەن و لەگەڵیشیا خۆ بگونجێنن. بەڵام ڕۆڵی میحوەری ڕوسیا و ئۆکرانیا لە دابینکردنی وزەی جیهانی هێزی دژبەیەک دەنێرێت. ئەمەش کاری گواستنەوەی وزە سەخت تر دەکا. لە هەمان کاتدا سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا داوای ئەوە دەکەن کە لە گۆڕانی کەش و هەواوە بگوێزنەوە بۆ زیادکردنی گەڕان بەدوای سووتەمەنی وزە لە دەرەوەی ڕوسیادا. دەوڵەتان دەیانەوێت ڕێگە بگرن لە بەرزبوونەوەی نرخی گازو کەمکردنەوەی باج لەسەر وزە و قەرەبووی خێزانەکان بکەنەوە لە بەرامبەر بەرزی نرخی گازدا، هەروەها دەشیانەوێت کە هانی فراوانکردنی بەرهەمەکانی وزەی سەلامەت بدەن و بەکارهێنانیش کەمتر بکەنەوە کە ئەمەش پێویستی بە نرخی زیاترە. ئەوگۆڕینەوانە درێژە دەکێشن هەتا دوای گۆڕانی کەش و هەواش. وڵاتانی دیموکراسی دەیانەوێت هاوپەیمانیەک پێک بهێنن بە دەوری بەهاکانی لیبرالیەت و ئازادی بازاردا، بەڵام بۆ کەم کردنەوەی تێچووەکانی وزە پەنا دەبەنە بەر حکومەتە ئۆتۆکراتەکانی وەک سعودیەو فەنزوێلا و داوایان لێدەکەن لە بەرامبەر بە شەرعی ناساندنی ڕژێمەکانیان ئەوانیش ئاستی بەرهەم هێنانی وزە بەرزبکەنەوە.

لە پشتی هەموو ئەمەشەوە ڕاستیەکی تاڵ هەیە کە دەبێ دانی پێدا بنرێت. بۆهێواشکردنەوەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایی، وا پێویست دەکا کە جیهان هەمووی بە یەکەوە و دەبێ چینیش لە خۆ بگرێت، بە کرداری ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە ببنەوە. هاوپەیمانە دیموکراسیەکان بە تەنیا ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن. وەختی خۆی چین و ئەمریکا هەرچەندە لەسەر هەندیک بابەتیش لە ناکۆکیدابووبن بووبن لەگەڵ یەکتر، بەڵام بۆ بابەتی گۆڕانی کەش و هەوا هەمیشە بەیەکەوە کاریان کردووە. ئێستا هەردووک سەرۆکی چین و ئەمریکاش دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو دۆخەی جارانیان. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەم بابەتە هەر بەرەو سەختی دەڕوا، چونکە هەر یەکیک لەو وڵاتانە پاڵ دەداتە لایەک و بلۆکێک. لە هەمان کاتیشدا هەر کە داخورانی گلۆباڵیزم هەنگاوەکانی داهینان بەرەو سستی دەبات ئەویش بە تەگەرە درووستکردن لەبەردەم لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا، بەمەش زانایان ناتوانن وەکو پێویست بگەنە چارەیەکی پێویست بۆ پاراستنی هەسارەکەمان.

### کۆکردنەوەی پارچەکان

وەستاندنی داخورانی گلۆباڵیزم خودی خۆی کارێکی سەخت بوو، ئینجا هێرشی ڕوسیاش بۆ سەر ئۆکرانیا ئەم بابەتەی قورستر کرد. لە کاتێکدا کە سیاسەتمەدارانی ئەمریکاو وڵاتانی تریش بە هێنان و بردنی چیرۆکی درۆ کە گوایە کرانەوەی ئابووری کارێکی باش نییە بۆ کرێکاران، لەولاوەش داگیرکردنی ئۆکرانیا لە لایەن ڕوسیاوە و ئەنجامی گەمارۆکانیش بۆ سەر ڕوسیا وای لە ئەمریکاو چین کرد کە زیاتر لێک دووربکەونەوە. بەڵام داڕێژەرانی سیاسەت لەو نێوەدا دەستەوەستان نین. گەمارۆکانی سەر ڕوسیا زۆر کاریگەر بوون چـونـکـە لەلایەن هـاوپەیـمـانـە بەهـێـزە دیموکراسیەکانەوە سەپێنران کە داهاتێکی بەرزیان هەیە. بۆیە ئەگەر ئوستراليا، یابان، کۆریای باشوور، بەریتانیا، ئەمریکا، یەکیەتی ئەوروپا و بازارە گرنگەکانی تری ئابووری بتوانن بە هەمان هێزو تواناوە وەک چۆن گەمارۆیان خستۆتە سەر ڕوسیا ئاواش هاوکار بن لە ڕووی ئابووریەوە لەوانەیە وا لە چین بکەن کە ئەویش پەیوەست بێت پێیانەوە.

جا بۆ ئەوەی بەرپرسەکان ئەمە بکەن، لەسەریان پێویستە کە پەیڕەوی لە سیاسەتێکی فراوانتر بکەن. بۆ نموونە دەتوانن کە بازاڕێکی هاوبەشی گەورەو فراون لە نێوخۆی وڵاتە دیموکراسیەکاندا دابمەزرێنن، بۆ کەلوپەل و خزمەتگوزاری و هەتا دەگاتە ڕەخساندنی هەلی کاریش، وە پێویستە لەسەریان کە پێوەری هاوبەشیان هەبێ بۆسەرمایەگوزاری تایبەت و لە ڕێگەی سنوورەکانەوە و ئەوانەی کە پەیوەستن بە بابەتی ئاساییشی نەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤەوە، پێویستە لە سەریان کەش و مەیدانێکی وا درووست بکەن کە پێشبڕکێیەکی تەندرووستیانە بکەن لە نێوخۆیاندا. بەمەش خراپیەکانی وەک گەندەڵی و بەهەدەردان لە نێو ئابووریدا کەم دەبێتەوە کە بە هۆی ئابووری نەتەوەگەراییەوە پەیدا دەبن. هەروەها لەسەر سیاسەتمەداران و سیاسەت داڕێژەران پێویستە کە سەرمایەگوزارییەکی وا لە نێو هاوپەیمانانی ڕۆژئاواییدا دابمەزرێنن کە درێژە بکێشێ و دەوام بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی نا وەک یەکی و نا بالانسی لە نێو ئابوریەکاندا و هەروەها سوودی زیاتریشی دەبێت.

وڵاتە دیموکراسیەکانی جیهان ناتوانن هەموو دابەشبوونێکی وێرانکەرانە بگێڕنەوە کە بە هۆی داگیرکاری ڕوسیاوە ڕوودەدەن و لەژێریشەوە ڕەزامەندی چینی لەسەرە. بەڵام دەتوانن قەرەبووی زۆرێک لە زیانەکان و لە دەستچووەکان بدەنەوە. نابێت بەم بارودۆخە ڕازی بین و دەبێ ڕووبەڕووی ببنەوە. هەندێک شێوەی توندوتیژی دەبێ بە گۆشەگیرکردنی ئابووریانە ڕووبەڕووی ببنەوە.

**تێبینی: ئادەم پۆسن سەرۆکی پەیمانگای پێتەرسۆنە بۆ ئابووری نێودەوڵەتی.**

**https://www.foreignaffairs.com/articles/world/2022-03-17/end-globalization?**

**سەرچاوە: فۆرین ئەفێرس**

## عەلی محەمەد ئەمین: حکومەتی زۆربە حکومەتێکی پرۆ غەربیە و ئەمەش بۆ ئێران قابلی قبوڵ نییە...



# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز "عەلی محەمەدئەمین" نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق.

**بۆپێشەوە: زۆربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بڕوایان بە حیزب و لایەنە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ڕاماڵینیان، چۆن دەکرێت کە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو حیزبانە بهێنرێت؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** ڕاستە بێزاری و نارەزایەتیەکی زۆر لە لایەنە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان هەیە، و ئەم بێزاری و نارەزایەتیە لە نێو ماڵ و کوچەو کۆڵان و شەقام و گۆڕەپانەکاندا بە ئاشکرا خۆ دەنوێنێ، و بەشێوەی جۆراوجۆر ئەم نارەزایەتیە دەردەبڕن. نارەزایەتیەکە هێندە

**دەسەڵاتداران بە نمایشی ڕیاکارانەو چەواشەکارانە، یاخود سەرکوت و تۆقاندن درێژە بەتەمەنی دەسەڵاتدارێتی خۆیان ئەدەن.**

بەرین و فراوان و بەرجەستەیە، تەنانەت دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەم حیزب و لایەنانەش، بە بینراوو بیستراوو نووسراوەوە، نەک هەر ناتوانن خۆیانی لێ لادەن، بەڵکو ناچارن کەم تازۆر بیخەنە ڕوو! هەندێ جار لە ڕکابەری یەکتریشدا، بە خستنەڕووی نارەزایەتیەکان، زیاترو زیاتر خۆیان ناشرینترو ڕسواتر دەکەن، بەڵێ ئەم نارەزایەتیانە لە ئاستێک دایە، زۆرێک خواستی ڕاماڵینی ئەم لایەنە سیاسیانەی هەیەو هەمووشمان دەزانین کە نارەزایەتیەکان ئاکامی ئەو قەیران و ڕۆژڕەشیە یەک لەدوای یەکانەیە، کە لە ئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی شکستخواردووی ئەم لایەنانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام سەرەڕای ئەم خواست و ویستە هاوبەشەی زۆرێک. سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچان بۆ ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە ملهوڕو نادادوەرانە، دەبینین هەر تەمەنی دەسەڵاتداریان درێژتر دەبێتەوە، هەرجارە قەیران و تەنگ وچەڵەمەیەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تر ڕووبەڕوی زۆرینەی گەلانی عێراق بە کوردستانیشەوە دەبێتەوە.

لەڕووی ئەمن و ئاسایشیشەوە، نەک هەر توانای دابینکردنی ئارامی و هێمنی یەکی بەردەوامیان نییە کە سەرو سامانی خەڵکی و ژیانیان پارێزراو بێت، بەڵکو لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری دەوڵەتانی وەک تورکیاو ئێران و دەستێوەردانە بەردەوامەکانیان هیچ هەڵوێستێکی ڕۆشن و جدی و کاریگەریان نییە .

بەڕای من بەردەوامی ئەم دەسەڵاتە تایەفی و ڕەگەزپەرستی و عەشایەری و حیزبیانە، دەبێ زۆرینەی خەڵکی ناڕازی، بەتایبەت لایەن و ڕێکخراوو گروپ و کەسانی پێشڕەو ڕاچڵەکێنێ، و بەدوای وەڵامی پرسیارگەلێکدا بگەڕێن، بەتایبەت کە زۆرێک بەردەوام لەسەر شەقام و لەنێو گۆڕەپانەکاندا نارەزایەتی دەردەبڕێ، بۆچی دەسەڵات ناڕووخێ؟ بۆچی لە کاتێکدا فشارو کاریگەریەکانی نارەزایەتییەکان دەگاتە ئاستێکی باڵا، کەچی تاوناتاوە خامۆش دەبنەوە، دەسەڵاتداران بە نمایشی ریاکارانەو چەواشەکارانە، یاخود سەرکوت و تۆقاندن درێژە بەتەمەنی دەسەڵاتدارێتی خۆیان ئەدەن.

چۆن دەکرێت کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو حیزب و لایەنانە بهێنرێت؟ ڕاستە دەسپێکی هەوڵ و تێکۆشان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دڵخواز، دەبێ کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حیزب و لایەنە دەسەڵاتدارانە بهێنرێت، بەڵام پێش وەخت پێویستە ئەوە بزانرێت، کە دەسەڵاتی ئەم لایەنانە، تەنها لەچەند کەسێک و دام و دەزگاو بارەگاو چەند چەکدارێکدا نییە، دەسەڵاتی ئەمانە لە زۆر مەیدانی گرنگی وەک ئابوری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکداریشدا بەرجەستەیە. ئەمە پێویستە بمانگەیەنێتە ئەوەی کە خواستی ڕاماڵین دەبێ پشت بەستووبێ بە کۆمەڵێ تواناو تاقەت و هێزو هەلی لەبار بۆ سەرکەوتن، تا لایەنەکانی دەسەڵاتدار توانای ڕێگرتن یا پاشەکشەپێکردن یا شکستپێدانی خەبات و تێکۆشانی خەڵکانی ستەمدیدەو زۆرلێکراوی نەبێ، ئەمە بەو مانایە ناڵێم کە خەڵکانی ناڕازی و ڕابەرانی ڕاستەقینەو پێشڕەوان دانیشن و چاوەڕێی پێکهاتنی ئەو تواناو هێزو فرسەت و زەمینەی سەرکەوتنە بکەن، نەخێر هەرگیز، دەکرێ بە دڵنیایی بڵێم هەندێ لەم هێزو توانایانە لە ناوەندی ئەو خەبات و تێکۆشانە بەردەوامانەدا بەدەست دێت، بەڵام بە پێویستیشی دەزانم بە ڕاشکاوی بڵێم کە ڕاماڵینی دەسەڵاتدارانی ئێستاو هەڵپێچانی دام و دەزگای سەرکوتیان و هێنانەکایەی حکومەتێکی مەدەنی کە وەڵامدەرەوەی داواکاریە ئەسڵیەکانی زۆرینەی خەڵکی ستەملێکراو بێت، بەم هێزو توانای ئێستاوە، نەک هەر ناکرێت، بەڵکو دەشێت بەشێک لە وزەو تواناکانی خەڵکی خەباتکار و ڕاپەڕیویش دەرخواردی دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکان بدرێت، کە بەناوی ئۆپۆزسیۆن و چاکخوازی و سەربەخۆیی و ڕزگاری عێراق و هێنانەدی داواکاریەکانی خەڵکی ناڕازیەوە، دەخوازن لە ئاوی لێڵدا ماسی بگرن و لە نێو هاوکێشە

**لام وایە حکومەتیش پێك بێت و سەرکۆماریش هەر کەسێك بێت و کاری خۆی بکات و پەرلەمانیش کۆبوونەوە بەردەوامەکانی سازبدات، شتیکی ئەوتۆ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت و وەڵامدەرەوە بە خواست و مافە سەرەتاییەکانی گەلانی عێراق نابن...**

سیاسیەکانی ئێستاو داهاتوودا شوێن و ڕێیەکیان هەبێ و لە ملهوڕی نواندن و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی مرۆیی و مادی گەلانی عێراقدا برابەشبن.

**بۆپێشەوە: درەنگ یازوو خەڵکی عێراق دەست دەدەنە ڕاپەڕین و شۆڕش، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕش لە گرەوی چی دایە؟**

**عەلی محەمەدئەمین:** ناکرێ لەباری ئێستادا من ناوی ڕاپەڕین، بەتایبەت شۆڕش بنێم لە سەراپای نارەزایەتیەکان، بەڕای من شۆڕش بەدوای ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەییەوەیە لەسەرجەم بوارەکاندا. جێگای نیگەرانیە سەرەڕای بوونی چەندین دروشم و داواکاری پێشڕەوانە لە نێو نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا، بەڵام هێشتا زۆرێک لەم داواکاری و دروشمانە، تەنها لە زاری هەڵبژاردەیەک لە ئەندامانی ئەم و ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتی سەربەخۆوە دێ، و هەمووانی ناڕازی سەرسەختانەو بەردەوام نەبوونەتە داکۆکیکار لەو خواستانەو لە ژێر پەرچەمێکی یەکگرتوودا خۆیان ڕێک نەخستووە. ئەوەتا هێشتا دەبینین لە ئاکامی ناهوشیاری زۆرێک و نەبوونی ڕابەرایەتیەکی بەهێزو یەکگرتوو، هەندێک لایەن لە نێو دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزسیونیشدا بەهرەمەندن لە پشتگیری زۆرێک خەڵک، و یاخود توانای فریودان و چەواشەکردنی نەک بەشێک لەخەڵکی، بەڵکو توانای کڕینی هەندێ کەسایەتی بەرهەڵستکارو تێکدانی ڕیزەکانی خەباتکارانیان هەیە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین وێڕای ڕەوایی تێکۆشانی بەردەوام بۆ ڕاماڵینی ئەم هێزو لایەنە دەسەڵاتدارانە، پێویستە هەمووان بەدوای جێخستنی بەرنامەیەکی ڕۆشن و ئاڵوگۆڕ بەخشەوە بین لە نێو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکاندا، بەرنامەیەک تەواو جیاواز لەبەرنامەی لایەنەدەسەڵاتدارەکان و بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان، کۆبوونەوەی خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو یەکگرتووانە لە دەوری ئەو بەرنامە ڕۆشنە کە خواستە هەنوکەیی و دوورماوەکانی خەڵکی ناڕازی تیا نەخشابێت، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەسەرکەوتنی نارەزایەتیەکان و لانەدانیاندا لە ڕاستە ڕێگای تێکۆشان. بەڕای من حسابکردنی وردیش بۆ هێزو توانای لایەنەکانی دەسەڵات و هاوشێوەکانیشیان لە بەناو ئۆپۆزسیۆندا مەرجێکی تری سەرکەوتن و بە ئەنجام گەیشتنی نارەزایەتیەکانە، هەرلەپەیوەند بەمە کات و ساتی ڕاپەڕینەکان و شێوازی خەبات وبەرزکردنەوەی دروشم و داواکارییەکان وردبینی ئەوێ و ناکرێ یاری بەمانەوە بکرێ وبەبێ ئاگایی و خۆڕسکیەوە هەنگاو بنرێ.

**بۆپێشەوە: ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی ئێستا چ سیستمێکە؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** پێموایە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەیەکی خێرام بە وەڵامی ئەم پرسیارەکرد، بەڕای من دەبێ سیستمێک بێت تەواو جیاواز لەو سیستم و حوکمڕانیەی کە لایەنە دەسەڵاتدارەکان و بەناو ئۆپۆزسیۆن و بەرهەڵستکارو هێزە میلیشیاکان دەیخوازن، سیستمێک بێت کە ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و هەلومەرجی یەکسانی ژنان و پیاوان و کارو نان و گوزەرانی شایستەی سەردەمیانە و خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەیی و فێرکاریەکان...تاد بۆ زۆرینە فەراهەم بکا. سەروەت و سامانە مرۆیی و مادیەکانی عێراق بە کوردستانیشەوە، لەو مەبەستانەدا بەکار بهێنێت کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، وێڕای ئەمەش حسابی ورد بۆچەسپاندنی ئارامی و ئاسایش و داهاتووی گەلانی عێراق و نەوەی نوێ بکات.

**بۆپێشەوە : ئاکامی دواکەوتنی پێکهاتنی حکومەت لەلایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە چییە؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** ئەگەرچی من لام وایە حکومەتیش پێک بێت و سەرکۆماریش هەر کەسێک بێت و کاری خۆی بکات و پەرلەمانیش کۆبوونەوە بەردەوامەکانی سازبدات، شتیکی ئەوتۆ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت و وەڵامدەرەوە بە خواست و مافە سەرەتاییەکانی گەلانی عێراق نابن، بەڵام کە هەلومەرجەکەش درێژە دەکێشێ و حکومەت پێکنایەت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێ و دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکەو جیهانی دوور لەعێراق لە هەموو ڕوویەکەوە زیاتر دەبێ و بێکاری و گرانی و قات وقڕی و کەمبوونەوەو نەمانی پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان، زیاتر بەرۆکی خەڵک دەگرێت و برسێتی و هەژاری زیاترو زۆرتر بڵاو دەبێتەوە، و نەخۆشیە جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتیەکان زیاتر پەرەدەسەنن. هاوکات لە هەلومەرجێکی وادا وێڕای بڵاوبوونەوەی هەوڵی خۆکوشتن و گیان لەدەسدان، کۆچی بەکۆمەڵی لاوان زیاتر دەبێت، و بەم هۆیەوە کارەساتی دڵتەزێنی زیاتر ڕوودەدات. هەر لەم نێوەدا دیاردەی چەکداری و سەرکوت و گرتن و ئەشکەنجەدانی نایاسایی و هەڵکوتانە سەر ماڵان و شوێنی کاری هاوڵاتیان زیاتر دەبێ ... هەروەها دەشێ ناکۆکی نێوان لایەنەکان و ڕێکنەکەوتنیان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتی نەگریسیان بگاتە ئاستی پێکدادانی چەکداریش لە هەندێ ناوچەو شارو شارۆچکەدا. لە ئاکامدا وێڕای گیان لەدەسدانی ژمارەیەکی زۆر، ئاسایش و ئارامی و هەموو سەروەت و ماڵ و حاڵی هاوڵاتیان و ئایندەیان دەخاتە مەترسی نەمان و لەناوچوونەوە.



# نەهرۆ ئاڵایی: کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان لە غیابی هێزێکدایە کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی و دان نان بە مافە بنەڕەتیەکانی ژنان و لاوان پرەنسیبی نەگۆڕی بێت ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز "نەهرۆ ئاڵایی" ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی سیاسی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق.

**بۆپێشەوە: جموجۆڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەردەوامە... تا چەندە لاتان وایە ئەم حکومەتە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و دوور لەدەستێوەردانی دەرەکی پێکبێت؟**

**نەهرۆ ئاڵایی:** لەبارەی پێکهێنانی حکومەت بێگومان ئەوە ڕوونە کە عێراق هیچ جۆرە سەربەخۆیەکی نییە! و وڵاتانی دونیا تەڕاتێنی تێدا دەکەن، هەر لەوڵاتە زلهێزەکانەوە بگرە تا دەگاتە دەوڵەتانی هەرێمایەتی. بۆیە حکومەتێک کە ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەجندای وڵاتان بکات، یاخود وڵاتان بیانەوێ بە پێی خواست و ویست و بەرژەوەندیەکانیان حکومەتێک پێکبێهنن دەبێ سەربەخۆیی ئەم وڵاتە و حکومەتە لە کوێدابێت . لە سەرێکی دیکەوە عێراق بە درێژایی مێژوو، بەچڕیش ئێستا گیرۆدەی شێرپەنجەی مەزهەبی و نەتەوەیی و دەیان نەخۆشی دیکەیە. ناتوانێ دەوڵەتێک ئەم هەموو پەتایەی هەبێت و حکومەتێکی سەربەخۆ تێدا بێتەکایەوە. بە بۆچوونی من؛ ئەستەمە بتواندرێت تەنانەت حکومەتێکی هاوسەنگیش لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق دروست بکەن. ئەوەی جێگای داخە، خەڵکی عێراق لەناو ئەو هەموو بەرداشە مەزهەبیە دوورستکراوە دەهاڕدرێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش کۆمەڵگە لە مەدەنیەت و خۆشگوزەرانی دووردەکەوێتەوە .

> **خەڵکی عێراق لەناو ئەو هەموو بەرداشە مەزهەبیە دوورستکراوە دەهاڕدرێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش کۆمەڵگە لە مەدەنیەت و خۆشگوزەرانی دووردەکەوێتەوە ...**

**بۆپێشەوە: ئایا لەهەلومەرجی ئێستای عێراقدا، پێکهێنانی حکومەتی زوربە لە جێگای حکومەتی تەوافوقی کێشە دروست ناکات؟**

**نەهرۆ ئاڵایی:** لە دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، زۆرجار شیعەکان بیرۆکەی هێنانە پێشەوەی حکومەتی زۆرینەیان باس کردووە، کە بە بۆچوونی من مەترسیدارترین بیرۆکەیە بۆ عێراقێک تێیدا پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی جیاجیای تێدایە، و هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە، ئەم بیرۆکەیە بێ دوودڵی ئەجندا و بەرژەوەندی دەوڵەتانی تری تێدایە. نابێت پێکهاتەکان بە تایبەتیش کورد بچێتە ژێر باری ئەم بیرۆکەیە، نەخاسمە لە گەڵیدا بێ، چونکە دوور مەبینە لە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەم بیرۆکەیە بەرامبەر پێکهاتەکان و کوردیش بەکاربهێندرێتەوە، و بە بێ بەشداری کورد حکومەتی زۆرینەی شیعە دروست بکرێت، و بە بەرنامە کورد پەراوێز بخرێت بە بیانووی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە. بۆیە ئەگەر لایەنەکان بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتی بیرۆکەی حکومەتی زۆرینە نەکەن؟ بە دڵنیایەوە ئایندە باش نابێت و مەترسیدارە.

> **لە دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، زۆرجار شیعەکان بیرۆکەی هێنانە پێشەوەی حکومەتی زۆرینەیان باس کردووە، کە بە بۆچوونی من مەترسیدارترین بیرۆکەیە بۆ عێراقێک تێیدا پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی جیاجیای تێدایە، و هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە، ئەم بیرۆکەیە بێ دوودڵی ئەجندا و بەرژەوەندی دەوڵەتانی تری تێدایە**

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**نەهرۆ ئاڵایی:** حیزبە دەسەلاتدارەکان پێگە و جێگای خۆیان لە هەموو بارودۆخێکدا بە وردی حیسابی بۆ دەکەن و دەیپارێزن، مەگەر ئەو ململانێیەی کە بەردەوام بوونی هەیە لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە حیزبە دەسەلاتدارەکان دەیکەن، ئەوان لە کونج و کەلەبەرەکانی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان شارەزان، و بە درێژایی دەسەڵاتیشیان ئەوەیان ڕەچاو کردووە و هەر ئەو هۆکارەش بۆتە هۆی ئەوەی لە مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان هەمیشە لە دواوەن. هەموو هەنگاو و ڕێکەوتنێکی ئاشکرا و نهێنی ئەوان دابینکردن و پاراستنی جێگە و ڕێگەی خۆیان و حیزبەکانیانە. داهاتی ئەو کۆمەڵگەیە دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی دەخرێتە خزمەتی گروپە تیرۆرستیەکان بۆئەوەی هەمیشە بەسەر سەری کەسانی ناڕازی مۆتەکە بن.

**بۆپێشەوە: دزی و تاڵانی و سەرکوت و زەوتکردنی سەرەتاییترین مافە ئازادییەکان، تایبەتمەندی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانە لە سەرتاسەری عێراق و کوردستاندا، خەڵکی عێراق و کوردستان چۆن دەتوانن لەدەست ئەم دەسەڵاتە، ڕزگاریان بێت؟**

**نەهرۆ ئاڵایی:** بە هەموو پێوەرەکان خەڵکی کوردستان و عێراق کۆمەڵگەیەکی مەدەنیە، بۆیە شایەنی دەسەڵاتێکی مەدەنیشە. بەداخەوە لەماوەی دەسەڵاتداریەتی لە عێراق و کوردستاندا مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەلک ژێر پێ نراوە، بە جۆرێک کە هەموو حەز و خۆزگە و هیوایەتەکانی گەنجان و لاوان ورد و خاش کراون. ڕۆژانە بە ساڵاچووان بریندار دەکرێن! زندووترین نموونەی ئەو تێکشاندنە ئێستا لەسەرەی وەرگرتنی مووچەکانیان ڕەنگ دەداتەوە، کە چەند بێڕەحمانانە شکۆ و شکۆمەندی مرۆڤەکان ورد و خاش دەکرێن . بە دیمەنی ناڕەزایەتی خەڵک ئاسان تێدەگەین کە ئەو کۆمەلگەیە چی تر ناتوانێت ئەو هەموو ئێش و ئازارە لەگەڵ خۆی هەڵگرێت، و بە بێباکی و خەم ساردی و وەڵام نەدانەوەی سەرەتایترین پێداویستیەکانی ژیانی خەڵکیش ئەوەمان لا ڕۆشن بووە کە ئەو دەسەڵاتانە ناتوانێ وەڵامی خواستی کۆمەلگە بداتەوە.

**بۆپێشەوە: درەنگ یان زوو خەڵکی عێراق و کوردستان دەست دەبەن بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، سەرکەوتنی ڕاپەرین و شۆرش، لە گرەوی چیدایە؟**

**نەهرۆ ئاڵایی:** خەڵکی نارازی و بەشمەینەتی کوردستان لەگەل واقعیەتێکی تاڵ ڕووبەڕوون، لەلایەک دەسەڵات خۆی لە هەموو بەرپرسیاریەتێکی ویژدانی و ئەخلاقی دزیووەتەوە، بە چەندان بەڵگە پێمان دەڵێن کە ناتوانن ئیدارەیەکی تەندروستی ئەم کۆمەلگەیە بکەن، لەلایەکی تر کۆمەڵگە ڕووبەڕووە لەگەڵ کۆمەڵێک حیزب و دەستەی بەناو ئۆپۆزیۆسیۆنی ساختە. کە تەنها ئامانجیان شریک بوونە لە دزی زیاتر! نارەزایی بوون و ئۆپۆزیسیۆن بوونیان تەنها لە بەرئەوەیە کە بەشی کەمتر لە شیرینی کێکەکەیان بەرکەوتووە ئەگینا لەسەر یەک خاڵ لە ماف و ئازادییەکان لە مووچە و قووتی دەمی منداڵان لە بێ حورمەتی کردن و شکاندنی شکۆی مرۆڤەکان کێشەیەکیان نییە. لە رابردوودا چەندان هێزی ساختەی لەم شێوەیە لەسەر لاشەی هیلاکی خەڵکدا تاقیکردنەوەیان کرد، ئەوەش ئەرکێکی یەکجار سەختی خستۆتە سەر شانی هێزە ناڕازیی و ئازادیخوازەکان کە پەیمانی گۆرانکاری باشکردنی ژیانی خەڵکیان لە پلاندایە. کۆمەلگەی عێراق و کوردستان لە غیابی هێزێکدایە کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی و دان نان بە مافە بنەرەتیەکانی ژنان و لاوان پرەنسیبی نەگۆڕی بێت، لە پێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ خەڵک زەرەیەک سازش نەکات. داهاتی بێشوماری خەڵکی عێراق و کوردستان بە شەفافی لەخزمەتی بنیاتی کۆمەڵگە سەرف بکات.

**بۆپێشەوە: ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی ئێستا چ سیستەمێکە؟ بە واتایەکی تر دەبێ چ سیستەمێکی سیاسی جێگەی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە؟**

**نەهرۆ ئاڵایی:** پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە؛ خەڵک لەناو بێئومێدییەکی قوڵدایە لەهەموو لایەنەکان. دوای ئەوەش جێگرەوەی هەر دەسەڵاتێک پێویستی بەریفۆرمێکی بنەڕەتییە پێچەوانە بێ لەگەڵ جۆری حوکمڕانییەتی دەسەڵاتەکە. هێنانەکایەی شێواز و جۆریتریش پێویستی بە هێنانە پێشەوە و ڕەخساندنی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، وردتریش ئەوەیە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەستەبەری نەوعێکی دیکەی حوکمڕانییەتییە، پێویستیمان بە دەسەڵاتێک هەیە ئینسانی بوون سەنتەری بڕیار و کار و بەرنامەی بێت.

# هیوا عومەر: موقتەدا مەبەستیەتی لەرێگەی حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی بازنەی کۆکردنەوەی هێز و سامان لە چنگی کەمینەیەکی کەمتر لە جاران کۆبکاتەوە ...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەرێز "هیوا عومەر" رۆژنامەوان و نووسەر سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق.

**بۆپێشەوە: ناو ماڵی "شیعەکان" لێکترازاوە، ئەم لێکترازانە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟**

**هیوا عومەر:** ماڵی شیعەکان بە گشتی ناکۆکی تێکەوتووە، ئەم ناکۆکییە تاچەند دەگاتە لێکترازان ئەوە روون نییە، بەرژەوەندی چینایەتیشان لە پچرانێکی هەمیشەیی نییە. بەڵام ئەم ناکۆکییە کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر دروست بوونی ناسەقامگیری سیاسی، ئەمەش کاریگەری جێ دەهێڵێت لەسەر پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری و شێوەی دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیران و کابینەی تازە، تەنانەت ئەم کاریگەرییە لێکەوتەی هەرێمیشی دەبێت لەسەر ناوخۆی عێراق و کوردستانیش، وەک چۆن ناکۆکییەکان کاریگەری هەرێمی و دەرەکی بەسەرەوەیە.

**بۆپێشەوە: موقتەدا سەدر پێداگری لەسەر پێکهێنانی حکومەتی زوربە دەکات و دەیەوێت کۆتایی بە حکومەتی تەوافوقی بهێنێت، چۆن دەڕواننە ئەو پێداگرییەی موقتەدا سەدر؟**

**هیوا عومەر:** موقتەدا مەبەستیەتی لەرێگەی حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی بازنەی کۆکردنەوەی هێز و سامان لە چنگی کەمینەیەکی کەمتر لە جاران کۆبکاتەوە، دیارە لێرەدا زۆرترین ئەو (چرکردنەوەی سامان و هێز) بە پێی نەخشەو توانای هێزەکان بەر موقتەدا دەکەوێت. چ حکومەتێکی تەوافوقی بە شێوەی پێشوو و چ حکومەتێکی زۆرینە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە هێزەکانی ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی پێکبهێنرێ، ناتوانێت سەدرییەکان و ئەو قەیرانانەی ئەمرۆ لە ئاستی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بەرۆکی عێراقییەکانی گرتووە دەرباز بکاتن. ئەمرۆ عێراق وەک دەوڵەت ئیشکالیەتی بونیادی هەیە، وەک سیستەمی سیاسی و ئابوریش دەبینین رووبەرووی نەبوونی سەقامگیری و بەیەکەوە ژیان و دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتی بوون و مرۆڤیش دەبێتەوە، ئەم دوو قەیرانە بەجۆرێک لە جۆرەکان دابراونین لە یەکتری، هەروەها بە دابڕاویش ناتوانین بیخوێنینەوە لە قەیرانەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەم ناوچەیەدا .

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**هیوا عومەر:** بەگشتی پێگەی هەردوو پارتەکە لە ئاستێکی لاواز دەبێت، لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەمرۆدا باشتر لە جاران دەتوانن کاریگەرییان هەبێت بەسەریانەوە. ئێستا لە ڕێگەی ئەو هەڵمەتە راگەیاندنەی هەیانە دەیانەوێت تەرکیزی هەموولایەک و ڕای گشتی بە ئاراستەی ئەوەبەرن، ئەگەر کاندیدی (یەکێتی یان پارتی) دەربچێت لە قازانجی گەلی کوردستاندایە، لە کاتێکا جەوهەری یارییەکە لەوە گەورەترە، ئەوان دەیانەوێت لە ڕێگەی پۆستی سەرۆک کۆمارەوە جارێکی تر هەیمەنەی حزبی خۆیان بەسەر هەرێمی کوردستان فەرز بکەن، لە کاتێکا شەرعیەتی میللی ئەوان دەمێکە لە هەرێم لەبەردەم پرسیارێکی گەورەدایە. هەروەها بەهۆی لاوازبوونی هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی فیدراڵی کە سەرچاوەکەی لە شکستی دەسەڵاتداریەتی هەردوو حزبەوەیە، لەکابینەی داهاتوو زیاتر بە ئاراستەی ناوەندێتی (مەرکەزیەت) دەڕوات، ئەمەش بەزیان بۆ خەڵکی کوردستان تەواو دەبێت.

ئەگەر تەماشابکەین هەموو ئەو رێکەوتننانەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم کردویانە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی عێراق لە چوارچێوەی دابەشککردنی پۆستەکان، رێکەوتنێکە بۆ مانەوەو بەهێزکردنی پێگەی حزب و بنەماڵەکانیان لەسەر حیسابی بەرژەوەندی خەڵک و قەوارەی هەرێمی کوردستان .

**بۆپێشەوە: زوربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بڕوایان بە حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، بەڵکو لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ڕاماڵینیان، چۆن دەکرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حزبانە بهێندرێت؟**

**هیوا عومەر:** مانەوەی هێزی دەسەڵاتداران لەلایەک پەیوەندی بەئاستی خۆرێکخستنی چین و توێژە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە و چینی کرێکارو زەحمەتکێشانەوە هەیە، لە لاکەی تر، چۆنیەتی بەهێز کردنی تواناو بنیاتنانی هێزی ئەو (زۆرینەی کۆمەڵگ)ەو بەشدارییان لە ئاستی خۆبەرێوەبەری و کاری هەرەوەزی و چوارچێوەی کاری بەیەکەوەیی و چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکان، بابەتێکی بنچینییە وەک هێزێکی جێگرەوە.

واتە لێرەدا پرۆسەیەک دەبێت هەبێت لە دوو ئاستدا ئەگەر بمانەوێت و باوەرمان بە گۆرانکارو پرۆژەی بەدیل هەبێت، یەکەم لە ئاستی خۆرێکخستن. دووەم بنیادنان و کاری هاوبەشی و بەیەکەوەیی .

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان لە هەلومەرجێکی سەخت و ناخۆشدان، خواستی نان و کار و خزمەتگوزارییەکان، خواستی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراقە... تا چەندە لاتان وایە حکومەتی داهاتوو دەتوانێت وەڵام بەو خواستە سەرەتاییانەی هاوڵاتیان بداتەوە؟**

**هیوا عومەر:** شوناسی هێزە ناکۆکییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق وەک هێزێکی ئۆلیگاریشی مەزهەبی پاشکۆی ناوەندە سەرمایەدارەکانی جیهان، هەموویان تا ئاستێکی زۆر لە یەک نزیکن، ئەمرۆ لەسەر دەستی ئەو هێزانە رەچەتەکانی لیبراڵیەتی نوێ بە شێوەیەکی زۆر وەحشیگەرانە لەسەر خەڵک فەرزدەکرێت.

کاتێک کازمی پرۆژەیەکی بەناوی (کاغەزی سپی) بۆ جێبەجێکردنی رەچەتەکانی لیبرڵیەتی نوێ پێشکەشکرد هەموو ئەو هێزانە پاڵپشتیان کرد، رێژەی هەژاری و بێکاری و پەراوێزخستن و خراپتر بوونی ژینگەی کارکردن بە پێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق و خودی بانکی نێودەوڵەتی لە ئاستێکی ئێجگار مەترسیدایە، هیچێک لەو هێزانە خاوەنی بەرنامەیەکی ئابوری سیاسی جیاوازنین، بۆیە بە پێی هەموو ئاماژەکان قەیران و کێشەکانی هاوڵاتیان زیاتر دەبێت نەک باشتر .

**بۆپێشەوە: عێراق سیستەمی پەرلەمانییە، لە سیستەمی پەرلەمانیشدا سەرۆک کۆمار پۆستێکی تەشریفاتی و رەمزییە و دەسەڵاتی سنورداره... هۆکاری ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، چییە؟ پێتوانیە ململانێکانی نێوانیانە لە کوردستان دەیگوازنەوە عێراق؟**

**هیوا عومەر:** هۆکاری ململانێیان پەیوەندی بە تەماعی بەدەستهێنانی پۆست و هێز و سامانەوە هەیە، ئەوان (لێرەو لەوێش) بەپێی رەچەتەی بەرژەوەندییەکانیان درێژە بە رێکەوتن و ناکۆکییەکانیشان دەدەن .

> **پارتی و یەکێتی دەیانەوێت لە رێگەی پۆستی سەرۆك كۆمارەوە جارێكی تر هەیمەنەی حزبی خۆیان بەسەر هەرێمی كوردستان فەرز بكەن، لە كاتێكا شەرعیەتی میللی ئەوان دەمێكە لە هەرێم لەبەردەم پرسیارێكی گەورەدایە ...**

> **شوناسی هێزە ناكۆكییەكانی ناو پەرلەمانی عێراق وەك هێزێكی ئۆلیگاریشی مەزهەبی پاشكۆی ناوەندە سەرمایەدارەكانی جیهان، هەموویان تا ئاستێكی زۆر لە یەك نزیكن، ئەمرۆ لەسەر دەستی ئەو هێزانە رەچەتەكانی لیبراڵیەتی نوێ بە شێوەیەكی زۆر وەحشیگەرانە لەسەر خەڵك فەرزدەكرێت**

**هەژاری شۆڕش بەرپا ناکات، بەڵکو هوشیاربوونەوەی هەژارانە کەشۆڕش بەرپا دەکات... کارل مارکس**

## درێژەی....حەسن مەردانی شاعیر... بۆدلێری عەرەب

تەمەنی دا به حوکمی پیشەکەی کە لەبواری نوسین و ئیزگەو ڕۆژنامەو تەلەفیزیۆن کاری دەکرد زیاد لەچل ژن دەناسیَ، بەڵام یەک ژن نەبوو بە هاودەنگ و هاوژین و خۆشەویستی، تەنانەت دواجار ڕوودەکاتە یەکیَ لە مەلهاکانی بەغداد، لەویَ ژنێک دەبینی گوڵێکی ڕەشی لە قژی داوەو سەرنجی حسین مەردانی شاعر ڕادەکێشیَ و کاتێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری نیگای سیحری چاوەکانیەوە لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە بۆ ماڵ بەمەبەستی ئەوەی کە ئەمە دەبێتە خۆشەویستی و هاودەنگ و هاوژینی، بەڵام کاتێک ژنە لەژوورەکەی پشتەوە دێتە دەرەوە حسین مەردان ئاهێکی قوڵ هەڵدەکێشیَ، چون ژنە واهاتوە کە لەگەڵ حسین مەردان بۆ شەوێک بمێنێتەوە تا بەیانی و ئاسودەی بکات لەبەرامبەر بڕیَ پارەدا، بۆیە حسین مەردان پێی دەڵیَ کاتێک لەناو مەلهاکەدا تۆم بینی بە پاکترین ژنی دنیام دەزانیت و لام وابوو تۆش کەوتیتە ژێر نیگای چاوەکانمەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستاکە بەڕووتی دەتبینم ئێستا هەرچی جوانیەکانتە دۆڕاندت، لەبەرئەوە دەری دەکات و بەتەنیا دەمێنێتەوە.

حسین مەردان کاتێک دەچێتە بەغدا لەتەمەنی بیست ساڵاندایە و لەیەکێک لەڕۆژنامەکانی ئەو دەمە بەناوی اهالی وەک هەڵەبڕو نوسەر دادەمەزریَ، لەساڵی 1947 دا لەویَ، لەچایخانەکانی بەرازیلیەو ، اعظمیە و هتد چاوی دەکەویَ بە شاعیری گەورەی عەرەب ڕەسافی، لەڕێگای گروپێکی خوێنەواری سەرکێش و یاخی کە دەزانن کاتەکانیان بەفیڕۆ چووە بەرەو بیروبۆچونی نوێگەریان دەبات بەتایبەت لەو سەردەمەدا، کە سەروەختی سەرهەڵدانی فەلسەفەی وجودی بوو، بەرەو ئەم ڕێبازە فکری و فەلسەفیە دەڕۆن. کەدامەزرێنەی بوون گەرایی فەیلەسوفی فەرەنسی جان پول سارتەرە، حسین مەردان لەگەشتێکی دا بۆ پاریس چاوی دەکەویَ بەم فەیلەسوفەو دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەمکە فکری و فەلسەفیەکانیەوە، مەردان لەبەغداد بەر چەندین کەڵە نوسەرو ئەدیبی گەورە دەکەویَ و کاریان لەگەڵدا دەکا وەک جبرا ابراهیم جبرا، هەروەها چەندین کاری اعلامی بۆ هونەرمەندە دیارەکانی ئەوکاتە کردوە وەک چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی وەفیفە ئەسکەندەری گورانی بێژ عێراقی.

حسین مەردان، خاوەن تایبەتمەندێتی خۆی بوو لەبواری شعرو ئەدەب لەسەر ئاستێکی یەکجار بەرز زۆرینەی شیعرەکانی لە گۆڤاری لوبنانی بۆ شیعر بڵاوکراونەتەوە، هەندیَ لە قەسیدەکانی لەرووی زمان و هێماو کۆدوە زمانێکی سادەی بەکاردەهێنا بۆنوسینی شیعرو قەسیدەکانی، حسین مەردان کاریگەر بووە بە (الیاس ابی شبکە)ی لوبنانی، هەروەها لە بواری نوسینی بابەتە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی لەڕۆژنامەوانیدا دەستێکی باڵای هەبووە، لەنوسینی ستون و وشە و وتارەکانیدا کە نوسەرە گەورەو دیارەکانی ڕۆژنامەوانی نەیانتوانیوە بەو شێوەی حسین مەردان بنوسن.

لەساڵی 1968داحسین مەردان دەکرێتە سەرۆک نوسەرانی گۆڤاری الف بای عێراقی، کە گۆڤارێکی هەمەڕەنگی هەفتانە بوو لەبەغداد دەردەچوو، حسین مەردان لەم گۆڤارەدا هەفتانە پاشکۆیەکی ئەدەبی دەردەکرد لەگەڵ ئەلف با دا بۆ ئەدەب و شیعر، زۆرجار شیعرەکانی یان لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی تیا بڵاودەکردەوە، لەگەڵ گۆشەی تایبەت بەژن و ڕۆڵی لەکۆمەڵگەی عێراقی دا وەک ژنێکی تێکۆشەر، زەحمەتکێش و ئازاد و سەربەست و ڕۆشنبیرو، ئاشق و شۆڕشگێڕو جەنگاوەر، ئەم هەنگاوەشی بۆ ئەوەبوو تاکو بسەلمێنیَ ژن لەعێراقدا ئازادو کرێکارو ئازایە، لەکاتێکیشدا، ئەدەبی عێراقی بەرەو هاتنەخوارەوە دەڕویشت و ئاستی ئەدەبی دابەزی یەک لەو هۆکارانە ئەوەبوو کە حسین مەردان سیَ ساڵ بوو کۆچی دوایی کردبوو، دنیای شیعرو ئەدەب و نوسینی بەجیَ هێشتبوو لەدنیادا نەمابوو:

من کۆتایەکەی خۆم

دەزانم ...

سبەینیَ بەهیواشی دەمرم

وەک مردنی،

ئەو درەختە ڕزیوانەی

نێو قوڵایی دارستانەکان،

بۆ هەتا هەتا دەمرم

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە، دامەزراوە...هەر ئەمڕۆ دەکریَ پیادەبکریَ...**

## درێژەی دوا وتە

ئیرادەی سیاسی یەکگرتوویان بکەن و پشتیوانی دنیای پێشکەوتنخواز و بزوتنەوە ئازادیخواز و ئینسانیەکانیش، بۆخۆیان دەستەبەر بکەن.

بەداخەوە لەسەرەتای ڕووداوەکانی جەنگی کەنداوەوە، باڵادەستی ئاسۆ و سیاسەتی بۆرژوازی بەگشتی و ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردستان، توانی تورەیی و نەفرەتی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان بە دژی ڕژیمی بەعس، بکاتە دەستمایە و سەرمایە لە پێناو ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا، بۆ گەیشتن بەدەسەڵات. خەڵکی کوردستان لەدژی دەسەڵاتی بەعس ڕاپەرین تا دەستیان بە ئازادی و ژیانێکی ئازادانەو پاشان بە سەربەخۆیی بگات، کەچی بەوهۆیە زۆر ڕۆشن و سادەیەوە، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ناکۆکی قوڵیان لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای ئیرادەنواندنی خۆیانەوە هەیە، توانیان بەدوای دەسەڵاتی بەعسدا، دەسەڵاتی بەعس ئاسای کوردی دژ بە ئازادییەکان دابسەپێنن و پرسی سەربەخۆیی کوردستانیش بکەنە کارتی سات و سەودای بەش وەرگرتن لەدەسەڵاتی دوای بەعسیەکان. لەوەش واوەتر حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کارەساتی ئاوارەیان وەکو کارەساتێکی سیاسی، بەچاوی ڕوداوێکی ئینسانی ڕوتەوە تەماشاکرد و وەکو هەموو کارەساتە تراژیدیاکانی ترش، تراژیدیای ئاوارەیان کردە سەرمایەو کاتی مامەڵە لە پێناو بەرژەوەندییە حزبیەکانی خۆیان و بەرژەوەندی چینە داراکانی کوردستان.

لەناو جەرگەی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە دیاریکراویش پارتی و یەکێتی، خەونی بەشداریکردن لەگەڵ بەعسیەکانیان، کە خەون و ئومێدێکی بەردەوام و مێژوویان بوو هەڵبژارد و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعس. تا ئەوکاتەی ڕژێمی بەعس بە یەکجاری گۆڕ بە گۆڕ بوو، ئەو حزبانە نەک هەر ئومێدی خۆیان بە ڕیکەوتن لەگەڵ بەعس و شەریک بوون لەگەڵیدا، لا کاڵ نەبۆوە، بەڵکو بەهەموو شیوەیەک دەکۆشان ڕژێمی بەعس بیانکاتە بەشدار لە دەسەڵاتدا.

ئێستا دوای ٣١ ساڵ بەسەر کارەساتی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، هیشتا دوبارەبوونەوەی کارەساتی ئاوارەیی یان تراژیدیای تری لەچەشنی کارەساتی شەنگال، هەڵەبجە، ئەنفال...تاد، هەرەشەن لەخەڵکی کوردستان. هێشتا زەمینە بناغەیەکانی ئەم تراژیدیانە ئامادەییان هەیە. ئاوارەیی یان کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال... تەنها زادەی جەنگ و ملهوری هیزە ئیمپریالیستیەکان، یان جەنگی وڵاتانی ناوچەکە، نییە، بەڵکو زادەی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و پرسی سیاسی خەلکی کوردستانە. تائەو کاتەی پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان بە ڕێگایەکی کارساز وەڵام وەرنەگرێتەوە، تا ئاسۆیەکی سیاسی سۆشیالیستی و ئینسانی پێشکەوتنخواز، نەبێت بە ئاسۆی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستاندا لە پیناو ئازادی و چارەسەری سیاسی کیشەی خەڵکی کوردستاندا، کۆدەکانی دوبارە بوونەوەی کارەساتەکان، ئامادەییان دەبێت. هێشتا هەر ململانییەکی سیاسی و سەربازی زبر، هەر جەنگ و بەیەکدادانێکی وڵاتانی ناوچەکە، هەر شەپۆلێکی گۆرانکاری، لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا، دەتوانێت خەلکی کوردستان بکاتە قوربانی. دۆخی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتدارێتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد، شلۆق و ناسەقامگیرە. چ دەسەڵاتی سیاسی ناوەند، یان ملهوری نواندنی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، یان ئەلگۆی داعشی، دەتوانێت دۆخی کوردستان بەسەریەکدا بڕمێنیت و کارەساتیش بەدوای خۆیدا بهێنێت. هاتنی داعش، ڕوداوەکانی ١٧ ئۆکتۆبەر... باشترین بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستیانەن. حزبەکانی بۆرژاوزی کورد لەو کایەو گەمە سیاسییە سەربازی و سیاسییانەی لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا، ڕوودەدەن، نەک ناتوانن ڕۆڵێک بەئاقاری بەرگرتن بەو ڕووداوە پیشبینیکراوانەدا بگێرن، بەڵکو خۆیان وەکو مەقاشی لایەنێک، یان چاوساغ و خۆشخزمەتچی دەبنە بەشێک لە کاراکتەری تراژیدیا خولّقاندن. هەر وەکو ئەوەی لە هەڵەبجە و شەنگال و ١٦ ئۆکتۆبەر بینیمان.

چینی کرێکار و خەڵکی بێبەشی کوردستان، بە بردنە سەری ئامادەیی ڕێکخراوەیی و سیاسییان، باڵادەستکردنی ئاسۆیەکی سیاسی جیاوازی سەربەخۆی چینایەتی، دەتوانن، ببنە کاراکتەری رەقم دان لە ڕووداو و پێشهاتەکان و هەڵگێرانەوەیان بە قازانجی خەڵکی کوردستان. کۆتاییهێنان بە تراژیدیاو کارەساتە پیشبینکراوەکان، بە لەبەین بردنی زەمینەو هۆکارەکانی دەبێت. چارەسەری کێشەی سیاسی و حقوقی خەڵکی کوردستان، تەریک خستنتەوەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتیان، بەهێزی ڕیکخراو یەکگرتوانەی چینی کرێکار و بێبەشانی کوردستان لە ژێر ئاسۆیەکی سیاسی سۆشیالیستیدا، دەتوانیَ هەرەشە پیشبینکراوەکان و تراژیدیاکانی داهاتوو ڕابگرێت.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

شەمال بارەوانی، حەسەن ڕازانی، ئاراس رەشید،فوئاد سادق، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، بەهار مونزیر، حەکیم میرزا، عوسمان محەمەد،جەمال نوری، ئارام حەسەن، مامۆستا ئەحمەد هەورامی

## لەگەڵ دۆسیەکی تاییەت سەبارەت بە"پرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق"دا...

## بەرزو بەرێزە یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی




کۆتایی مانگی مارس و سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٩١، سوپای دڕندەی بەعس، هێرشی کردەوە سەر کوردستان بەمەبەستی دوبارە گێڕانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانی خۆی، کە بووە هۆی ئاوارەیەکی ملیۆنی خەڵکی کوردستان. لە کاتی گەڕانەوەی سوپای بەعسدا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزی چەکدار و سەرانیان، لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی چەکی باش و جبەخانەیەکی فراوان بوون کە پێشتر لە ڕاپەریندا دەستیان بەسەردا گرتبوو، ڕێگەی ڕاکردن و بەزینی پێش وەختەیان گرتە بەر، کە لەگەڵ خۆیدا بەناچار خەڵکی کوردستانیش ئاوارەی سەر سنورەکانی عیراق/ ئیران، عێراق/ تورکیا، عێراق/ سوریا کرد، ئەم ئاوارەییە بووە هەڵگری سەدان و هەزاران چیرۆکی دڵتەزێن. لە جەرگەی ئەو تراژیدیا ئینسانییەدا... ئەوەی لەو نێوەدا هەوڵیدا خەڵکی کوردستان لە دڕندەیی سوپای بەعس بپارێزیت و بەرگری لەخەڵکی کوردستان بکات، بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون... بەڵی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی سەرباری کەم ئەزموونی و نەبوونی پێداویستی سەربازی پێویست، بڕیاری بەرەنگاری و وەستانەوە بەرووی سوپای دڕندەی بەعسیاندا، بەداخەوە لەو بەرامبەرکێ نابەرابەردا ژمارەیەك لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی گیانیان بەختکرد... ئەمانەی سەرەوە پۆلێك لەو هاوڕێ گیان بەختکردوانەن...

**بەرزو بەڕێز بێت یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شوڕایی...**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح...





## دوا وتە

# لە ٣١ ساڵیادی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا

### عەبدوڵا مەحمود

ئەم ڕۆژانە ٣١ ساڵ بە سەر کارەساتی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، کارەساتێک کە بۆوە بیرەوەری تاڵ و چیرۆکی دڵهەژێنی هاوبەشی ملیۆنان ئینسان.



کارەساتی ئاوارەیی لە بنەرەتدا بە جیا لە ترس لە ڕژیمی دڕندەی بەعس، ڕیشەی لە ئومێد بەستنی خەڵکی کوردستان بە ئەمریکاو جەنگ و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بوو. حزبەکانی بۆرژوازی کورد لە ساڵی ١٩٩١ بە تەواوەتی ئومێد و ئامانجی سیاسی خۆیان بەستەوە بە سیاسەت و نەخشەی جەنگی ئەمریکا و غەرب. کاتێکیش ئەمریکا لە جەنگدا سەرکەوت و دەوڵەتی بەعس و سوپاکەی تێک ڕماند، بەجیا لە کارەساتێکی مرۆیی و داڕوخاندنی تەواوەتی ژێربینای ئابوری و پایەکانی دەوڵەت و خاپورکردنی عیراق، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شاگەشکە بوون و ئەم سەرکەوتنەی ئەمریکایان، بە سەرکەوتنی خۆیان و "میللەتی کورد" لە قەڵەمدا. لەگەڵ ئەوەدا هەموو دنیا لە ئاستی فەرمی و جەماوەرییدا، هێرشی ئەمریکایان بۆسەر عێراق بە داگیرکاری ناساند، حزبەکانی بزوتنەوەی بۆرژوازی عەرەب و کورد، ئەم وەحشیگەرییەیان ناو نا" ڕزگاری عێراق" و " کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریەت"... کاتێک کە هەمان ئەمریکاو غەرب گڵۆپی سەوزیان بۆ سوپای عێراق داگیرساند، قەڵەمی دەست و پێی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شکا و ڕاکردنیان لە بەرامبەر سوپایەکی تێکشکاو برسیکراو و بێ ورەدا، هەڵبژارد. کە لەگەڵ خۆیدا جەماوەری ملیۆنی کوردستانیشی ناچار بە ئاوارەیی کرد. دیارە ڕاپەرینیش لەهەمان چوارچێوەی ئاسۆی زاڵی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و ئومێد گرێدان بە سیاسەتی ئەمریکاو غەربەوە، ڕوویدا. ئاوارەیی لە بنەرەتدا قوربانی ئەو فۆرمە لەڕاپەرین بوو، کە لەجێگای پشت بەستن بە خەباتی خەڵکی کورستان و هێزی جەماوەری ڕێکخراو و سەربەخۆ، چاویان لەسەرکەوتنی پێشبینیکراوی سەربازی ئەمریکا بوو. خۆ ئەگەر ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان بەرئەنجامی خەباتی لە پێشتری خەڵکی کوردستان و بەرهەمی تێکچوونی هاوسەنگی هێزی خەباتی لەگەڵ ڕژێمی بەعس بوایە بە قازانجی خەڵک، یان ڕاپەرین لە ژێر ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازنەدا بوایە. ئەوکاتە بە بەرنامەو نەخشەوە خەڵکی کوردستان دەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات. خەڵکێک بە هێزی خۆیان و بە ئیرادەی پشت بەستوی خۆیان بتوانن دەست بدەنە ڕاپەرین و هێزی دەوڵەتێک تێک بشکینن، بەو ئیرادەو تواناییەی خۆیان دەتوانن، بەرگری لە خۆیان و

بۆ لاپەڕە 16